# کەرکوک

## یەکەمین شاری کوردستان

# کەرکوک

## یەکەمین شاری کوردستان

نووسراوی:
د. صدیق بۆرەکەیی

* ناوی کتێب: کەرکووك یەکەمین شاری کوردستان .

* ناوی نووسەر: د. صدیق بۆرەکەیی.

* سەرپەرشتیاری هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود .

* دیزاین: عیسام موحسن.

* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(128).

* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

* تیراژ: 500 دانە.

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(194)ی ساڵی 2012ی پێدراوە.

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 7 |
| مێژووی شاری کەرکووک | 9 |
| شارۆچکەکانی کەرکووک | |
| شوێنەوارەکانی کەرکووک، شوێنە پیرۆزەکان، پیاوە ئاینییەکان، مزگەوتەکانی، خانەقاکانی، گەڕەکەکانی، خانەکانی، گەرماوەکانی، ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی. | 23 |
| فەرمانڕەوایانی زەنگنە | 25 |
| ڕێ و ڕچەی کاکەیی | 32 |
| هۆنەرانی کەرکووک | 34 |
| پیر ئەحمەدی کەرکووکی | 35 |
| میرزا فەرهادی بیبیانی | 37 |
| میرزا شەفیع جامەرێزی | 43 |
| سەی وەلی ئاغەی کاکەیی | 45 |
| خەلیفە نەزەر گەرمیانی | 47 |
| مەلا موحەممەدی زەنگنە | 49 |
| پیروەیس سیابیم | 51 |
| دەروێش یەسۆساوک | 52 |
| شێخ رەزای تالەبانی | 54 |
| مەلا سەمەد پیروەیس | 55 |
| سەی وەڵەد ئەفەندی | 57 |
| سەی خەلیل ئاغا | 58 |
| چۆپان یەسۆساوک | 60 |
| مەلا فەتۆش | 62 |

مەلا فلاّمەرز مام وەلی 64
مەلا زەینەڵ حەوێش 66
هیجری دەدە 68
خەلیل منەوەر 70
خدر لوتفی ئەفەندی 72
مەلا عەباس حلمی 73
فەقێ حەمەی کاکەیی 75
موحەممەد چۆپان 77
کوێخا هەیاسی کاکەیی 79
ڕۆستەمی کاکەیی 81
سەی سابری کاکەیی 82
دەروێش وەلی کاکەیی 83
سەی بورهانی کاکەیی 85
سەی وەهابی کاکەیی 87
مێژوونووسانی کەرکووك 88
ڕەفیق حیلمی 88
مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی 90
وێنەکێشەکانی کەرکووك 96
بەدیع باباجان 97
د. عەبدوڵلا ئەمین 98
موحەممەد مەهدی 99
فەرهەنگۆك 100
سەرچاوەکان 105

## پێشەکی..

کەرکووك یەکێکە لە شارە کۆنەکانی کوردستان و مێژووی ئەگەڕێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵ لەمەو پێش و گووتییەکان کە چوار هەزار ساڵ لەمەوپێش فەرمانڕەواییان کردووە، ئەم شارەیان ئاوا کردووەتەوە و کردوویانەتە پایتەختی خۆیان و ناویان ناوە ئاراپخا، کە ناوی یەکێ لە خواکانی ئارییایی بووە و لە پاشا ناوەکەی گۆڕاوە و لە دەوری کالینیکۆسدا بووە بە کەرخ سلۆخ و کەرکێنی و لە دەوری ئیسلامەتیدا بووە بە کەرکووك، لە هەر دەورێکیشدا کە سەرۆکی شارەکە تێ شکاوە خەڵکەکەی تووشی گەلێك چەرمەسەری و ئازار و زیان بوون، بۆ وێنە لە دەوری تیریگاندا کە دوایین پادشای گووتییەکانە لە ساڵی 2109ی پێش زاین کاتێ ئووتوهگالی ئەکەدی هێرشی هێنایە سەر شارەکە و تیریگانی تێ شکان، ئەوی لە دار دا گەلێ لە خەڵکەکەشی کوشت و گەلێکیشی لێیان شاربەدەر کرد و لە دەوری ئیسلامەتیشا لەبەر ئەوەی خەڵکەکەی بەرگرییان لە شارەکە کردو نەیاندا بەدەستەوە گەلێکیان لێ کوژراو گەلێکیشیان لێ ئاوارە بوو، لە دەوری قەرەقۆینلووەکان گەلێ لە کوردەکانی کەرکووك ئاوارە کران و لە جێی ئەواندا هەندێ تورکیان دانا و عوسمانییەکانیش گەلێك لە خەڵکەکەیان کوشت و گەلێ تورکمانیان جێنشینیان کرد و ئەمەش بۆ ئەوەیە کە کەرکووك کانگای نەوتە.

بەرپرسانی بەغدا ئێستاش ئەیانەوێ خەڵکی تەواوی شارەکە بکەنە عەرەب و سیاسەتی بە عەرەبکردنی خەڵکەکەی بەوپەڕی گەرم و گوڕییەوە بەردەوامە و لە هەموو لایێکەوە شاڵاویان کردووەتە سەر دانیشتوانی شارەکە و تەنانەت گەلێ زەویوزاری دێیە کوردنشینەکانی کەرکووکیان بەسەر عەرەبەکاندا دابەش کردووە، لەم دواییەدا گەلێك عەرەبیان هێناوەتە دێیەکانی تۆراخ و چیمەن و سیامەنسوور و لەوێدا نیشتەجێیان کردوون و بەهەر کام لەو عەرەبانە گەلێ زەویوزاری خەڵکەکەیان پێیان داوە و تەنانەت خەریکی وێرانکردنی قەڵای کەرکووکن، چونکە سامانێکی نەتەوایەتی کوردە و بەم جۆرە هەزاران ماڵە کوردیان لە کەرکووك و ناوچەکانیان دەرکردووە و هەموویان بەجارێ پەرش و بڵاو بوونەتەوە، ئەم

مەسەلە بەجۆرێ کاری کردووەتە سەر کوردەکان کە خەڵکەکەی بەو دەربەدەرییە هەموویان لەبەربەرەکانێدان.

مـام جـەلال لـە لێدوانێکـدا سـەبارەت بەکـەرکووک فەرموویـەتی: کـەرکووک بەشـێکە لـە کوردسـتان و هـیچ کـاتێ لـە کوردسـتان جیانابێتـەوە و ئـەوەی کـە ئەیانەوێ پێناسـەی خەڵکەکـەی بگـۆڕن و بیانکەنـە عـەرەب ئەمـە بـە پێـچەوانەی یاساکانی مرۆڤایەتییە و کوردیش بە عەرەب نابێ و لە بەرابەری ئەو دژ مرۆیانـەوە رائەوەستێ تا بە مافەکانی خـۆی ئـەگا و ئـەم شـارە هـەر لـە مێـژەوە پایتـەختی شارەزوور بووە، گەڕۆکێکی فەرەنسەوی بەناوی ژان ئەوتار کە لە ساڵی 1734 دا هاتووەتە کەرکووک لە گەشـت نامەکەیـدا ئـەڵێ: ئـەم شـارە پایتـەختی شـارەزوور بووە و بەشێکە لە کوردستان و خەڵکەکەی کوردن.

تا ئێستا هەزاران کەرکووکی لە زێد و مەڵبەندەکەی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر کراون و هاواریان گەیشتووەتە سەرتاسەری دنیا و ئـەم مەسـەلە ئەوەنـدە گـەورە بووەتەوە کە تەنانەت سەرۆکی ئەمریکا باسی لێـوە کـردووە و داوای چارەسـەری مەسەلەکەی کردووە، کە هیواداریـن لە هەموو لایێکەوە هەوڵ بدرێت بۆ گەڕانەوەی خێزانە دەرکراوەکان و زیانیان قەرەبوو بکرێتەوە تـا ئاشـتی و هـێمنی لـە هـەموو لایێکی کوردستاندا بێتەدی.

ئەم پەرتووکە کە دەربارەی کەرکووک بەپێی بەڵگـەکانی مێـژوویی نووسـراوە خوێنەران تێ ئەگەیەنێ کە ئەم شارە هەر لە دەوری زۆر کۆنـەوە کەوتووەتـە بـەر شالآوی نامۆ و لاوەکـان ئـەبێ ئـەوە بـزانن کـە شـاری کـەرکووک هـەر لـە مێـژەوە کەوتووەتــە بــەر پــەلاماری بێگانــەکان و هــەر لــە یۆنانییەکانــەوە هــەتا ئەگاتــە قەرەقۆینلووەکان و عوسمانییەکان هێرشیان بۆ شار و خەڵکی شـارەکە هێنـاوە و گەلێ زیانیان پێگەیاندووە و گەلێ کەسیان کوشتووە و گەلێ خوێنیان رشـتووە و ئێستاش ئاوا ئاوارەیان کردوون و ئەمە سەدان سـاڵە کـە خـەڵکی کـەرکووک رەنـج ئەکێشن و لە بەرابـەری نامۆکانـەوە رائەوەسـتن و ئـەمڕۆش لـە ئەوپـەڕی رەنـج و ئازاردان و هیواداریـن کە بە هـەموو لایێکمانـەوە بتـوانین خەڵکەکـەی بگەڕێنینـەوە شارەکەیان تا لە ئەوپەڕی هێمنی و ئاشتیدا ژیان بەرنە سەر و لەمە زیاتر ئاوارە و دەربەدەر نەبن.

**سدیق بۆرەکەیی**

**مانگی خاکەلێوە ساڵی** 2000

# مێژووی کەرکووك

شاری کەرکووك یەکەمین شاری کوردستانە سەرەتا بەهۆی گووتییەکانەوە ئاوا بووەوە و ناونرا ئاراپخا و ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەوان خوای ئاراپخایان ئەپەرست کە یەکێك لە خواکانی ئاریایی بوو، هەر ئەمانە قەلایێکی گەورەیان بۆ شارەکە دروست کرد کە زۆربەی خەڵکی شارەکە لەناو ئەو قەلایە ژیانیان ئەبردەسەر.

گووتییەکان یەکێ لە هۆزەکانی زاگرۆسن کە لە کوردستان و ئاورپایگاندا فەرمانڕەواییان ئەکرد و دەسەلاتی گووتییەکان بەزۆری لە مەڵبەندەکانی باکووری خۆرهەلاتدا واتا ئاراپخا و زامۆئاو هەولێردا پەرەی سەند و لە یەکێ لە بەردە نووسراوەکانی پادشای ئاشوور توکولێ ئینورتا (1255–1218ی پێش زاین)دا چاومان ئەکەوێتە وشەی گووتی و کورتی کە مەبەست هۆزی گووتییە.



یەکەمین پادشای گووتی ئیمتا (2234–2231ی پێش زاین) بووە و ئەو توانی ولاتی سۆمەرییەکان بگرێ و بەسەریانا زاڵ بێ و ئەوسا شاری ئاراپخای کردە پایتەختی خۆی و دوایین پادشای گووتی تیریگان (2109–2109ی پێش زاین) بووە کە چل ڕۆژ پادشایەتی کرد و لە ئاراپخادا بیست و یەك پادشای گووتی بۆ ماوەی (125) ساڵ پادشایەتییان کردووە.

سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان بەشاری ئاراپخایان ئەوت کەرکووت، کە مەبەست لەوە ناوچە بەرزەکانی باکووری دۆڵی رافیدەین بووە، چونکە کەر لە زمانی سۆمەریدا بەواتای زەوییە و کووتیش بەواتای بەرزە کە بە واتای زەوی بەرز پێك هاتووە، وشەی کەرکووت بۆیەکەمین جار لە بەردە نووسراوێکی پادشای سۆمەری

بەناوی شۆسین (2036–2028ی پێش زاین) دا هاتووە.

بەڵام ناوی شارەکە سەرەتا هەر ئاراپخا بووە کە ناوی یەکێك لە خواکان بووە و خەڵك پەرستوویانە و راستییەکەی ئەوەیە کە ناوە کۆنەکان هەر لە مێژەوە لەناوی خواکانەوە وەرگیراوە، وەکو: کاشی، خوری، میتانی،...ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە دانیشتوانی کوردستانی کۆن لە ژێر سێبەری بیروباوەڕێکدا یەکیان گرتووەتەوە.

گووتییەکان کە لە شاری ئاراپخادا ژیاون، وەکو لە مێژوودا خاوەنی ژیار و شارستانیەتێکی زۆر بەرز بوون و ئەمانە پادشایان لەلایەن ئەنجومەنێك کە خۆیان هەڵیانبژاردووە هەڵبژێردراوە و ئەو ئەنجومەنەش بە ئەنجومەنی پیران ناسرابوو: ئەرکی ئەنجومەنەکەش تاوتوێکردنی کاروباری وڵاتی بە ئەستۆوە بووە کە لە کۆمەڵێك ردێن سپی و خاوەن ئەزموون پێك هاتبوون و شارەزاییێکی باشیان لە بەڕێوەبردنی وڵات و پاراستنی هێمنی خەڵکدا بووە، کە هەر شەش ساڵ جارێك یەکێکیان بۆ پادشایەتی دەوڵەتی گووتی هەڵبژاردووە، هەر ئەو گووتییانە لە ساڵی 2230 ی پێش زایندا هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی سۆمەر و ئەکەد و رووخاندیان و داوایان لە خەڵکەکەشی کرد کە هەر کام لەسەر رێ و رێبازی خۆیان بمێننەوە و کەسێ کاری بەبیر و بڕوایانەوە نییە.

کەرکوك لە سەردەمی سلووکییەکانی پاش ئەسکەندەر لەلایەن ئارامییەکانەوە بە کەرخ سلووخ ناونراوە، پاشان بووە بە کەرخێنی و وشەی کەرخ لە کوردیدا بە واتای لاجێ بەکاردێ، وەکو ئەڵێن لەو کەرخە و وادیارە هەر دێ و شارێ کە بەکەناری دۆڵ و شێوێکی گەورەوە بووبێ ناونراوە کەرخ و هەندێ جاریش لە جێی قەڵا بەکاریان هێناوە.

مامۆستا تۆفیق وەهبی (1311–1404ی کۆچی) سەبارەت بە کەرکوك ئەڵێ: ناوی کەرکوك لە دەوری سترابۆنا (50–14 ی پێش زاین) کەرکێنێ بووە و ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ دەوری کالینیکۆس (246–226 ی پێش زاین) کە بووەتە کەرخ سلۆخ و کەرکێنێ، لە راستەقینەدا لە دوو وشەی کەرك و ێنێ پێکهاتووە و لەم وشانەشمان زۆرە وەکو: ئاترۆپات ێنێ: ناوی مەڵبەندێکە لە ئاورپایگان، کالاك ێنێ، ناوی ناوچەیێکە لە خۆرهەڵاتی مووسڵا، کامبیس ێنێ:

ناوی مەڵبەندی ئاورپایگانە، پارتی یێنیٚ، ناوی ولاٚتی پارتە لە خوەراساندا، کوردی یێنیٚ: ناوی ولاٚتی کوردە.

یاقووتی حەمەوی (539–626ی کۆچی) لە پەرتووکی (معجم البلدان)دا ئەڵیٚ: کەرخێنیٚ ناوی قەلاٚیێکە کەوتووەتە نێوانی داقووق و هەولێرەوە، هەروەها وشەی کەرکێنیٚ لە دەوری هەخامەنشییەکاندا بەکاربراوە و بە شاری کەرکووك وتراوە، وشەی کەرەك بە واتای قەلاٚیە و لە زمانی ئاشووریشدا کار–ە و پاشان ئارامییەکان ئەم وشەیان کردووە بە کەرخ و بەشاری کەرکووك (کەرخ سلۆخ)یان وتووە.

دکتۆر مستەفا جەواد (1328–1389ی کۆچی) ئەڵیٚ: ناوی کەرکووك لە کەرخێنییەوە هاتووە و پاشان بووە بە کەرکی و لە پاشا ریٚچکەی زمانی فارسی کۆنی هەڵگرتووە و بووە بە کەریك و دواجاریش بووە بە کەرکووك، لە راستەقینەدا ناوی کەرکووك لە وشەی کەرەوە بە واتای قەلاٚ هاتووە و پاشان (وو) ی هیند و فارسی پێوە لکاوە بۆ بچووککردنەوە و بووە بە کەرکووك.

بە کورتی ئەبیٚ بلێین کە ناوی کەرکووك لای سۆمەرییەکان کنکهار و لای بابلییەکان کەرك و لای ئاشوورییەکان ئاراپخا بووە، بەتلیمووس (000–167ی زاین) یش کورکورای نووسیوە و هەمووی ئەم ناوانەش ئاماژەن بۆ ناوی ئێستای کەرکووك.

بەپێی قسەی دیاکۆنۆف لە ئاخر و ئۆخری سەدەی حەوتەمی پێش زایندا ئاشوورییەکان گەلیٚ لە شارەکانی مادیان خستە ژێر دەسەلاٚتی خۆیانەوە وەکو: ئاراپخا: کەرکووك، زامۆئا، سلێمانی، هەگمتانە: هەمەدان کە پاشان هووەخ شەتەری پادشای ماد بووە لە ساڵی 612ی پێش زایندا ئەو شارانەی گرتەوە.

لە دەوری شاشیلهاك (1165–1151ی پێش زاین) ی عیلامیدا، لەشکری عیلام ناوچەی دیالەیان گرت و هەتا گەیشتنە شاری کەرکووك و ئەوسا ئەو شارەشیان گرت و خستیانە ژێر رکێفی خۆیانەوە.

لەم دواییەدا رووداو نامەیێك بەزمانی سوریانی سەبارەت بە شاری کەرخا. بیت سلووق (کەرکووك) دۆزراوەتەوە کە گوایە نووسەرێکی ناوخۆ نووسیویەتی و مەبەستی سەرەکیش لە نووسینی ئەو دەقە بۆ ناساندنی شاری کەرخا بیت

سلووقە کە چەند کلیسای تێدا بووە، بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی هەیە بە ئەشکەنجەدراوەکان و قوربانییەکانی رێی ئاینی فەلە لەو شارەدا، لە راستیدا زۆربەی رووداونامەکە تەرخان کراوە بۆ مێژووی فەلەیەتی لەو شارەدا، بەڵام گەلێ مەبەستی گرنگی سەبارەت بە شارەکە تێدا بەرچاو ئەکەوێت کە زۆر گرنگە.

ئەو رووداونامە سەرەتا بەهۆی مۆزینگەر لە ساڵی 1878 دا بڵاوکرایەوە، پاشان بەهۆی هۆڤمانەوە لە ساڵی 1880 دا بۆ جاری دووهەم لە چاپ درایەوە، بەڵام دەقی تەواوی رووداونامەکە لە ساڵی 1891 دا بەهۆی بیجانەوە بڵاو بووەوە.

لەم رووداونامەدا هاتووە کە شاری کەرخا بیت سلووق سەرەتا بەهۆی سارگۆن (722– 705ی پێش زاین)ەوە ئاوا کراوەتەوە و پاشان ئەسەرحەدوون (680–669ی پێش زاین) گەلێ خانووبەرەی تێدا دروست کرد، پاشان شارەکە کەوتووەتە دەستی ئارباکسی مادی و ئەویش مەبەستی وابووە هەرچی ناوچەی سەر بە ئاشوورییەکانە بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، پاشان شارەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی کوورشی گەورەوە (559–529 ی پێش زاین) و لە پاش ئەوە کە داریووشی سێیەمی هەخامەنشی (336–330ی پێش زاین) لە دەشتی هەولێردا تێکشکا، شارەکە کەوتە ژێر دەستی ئەسکەندەری مەقدۆنییەوە (336– 323 ی پێش زاین) ، پاش ئەوە شارەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی سلۆکۆسەوە (325–281ی پێش زاین) ، ئەویش شوورە و بورجی بۆ شارەکە دروست کرد و ئیتر شارەکە بەناوی ئەوەوە ناوبانگی دەرکرد و  بوو بە کەرخا بیت سلووک، لە کۆتایی رۆژگاری ئەشکانییەکان و ساسانییەکاندا پایتەختی شانشینی بیت گەرمی بووە کە لەگەڵ چەند ناوچەیێکی دیکەی وەك (بیت ئەرەمی) و (بیت دەرای) و (بیت لەبەت) لە ژێر فەرمانی ساسانییەکاندا بوون.

مێژووی شاری کەرکووك وەك پایتەختی کۆنی وڵاتی گەرمەکان لە رووداونامەکەدا بەدوور و درێژی باس کراوە، ئەو سەر زەوییە لە رووباری زابەوە تا رووباری دیجلە بەربڵاو بووە و خاکی لادەب و کێوی شێران و سنووری خۆرهەڵات و باکووری ئەو وڵاتەی گرتووەتەوە و لەگەڵ مەڵبەندی هەمەداندا داویانەتە یەك،

له سـەدەكانی ناوەنـدا شـارێكی زۆر بـەناوبانگ و ئـاوەدان بـووە بۆیـە گـەلانی تـر وەكو: تورك و عەرەب و ئەرمەنی خۆیان بۆ كوتاوە و تیایا نیشتەجێ بوون.

هـەروەها لـە رووداونامەكـەدا هـاتووە كـە لـە سـاڵی پانزەهـەمی پادشـایەتی سـەردەنادا كوردەكـان راپـەڕیون، ئەوسـا ئاربـاكسی مـادیش شۆڕشـێكی هەڵگیرسـاندووە و شۆڕشـەكەی ناوچـەكانی حـەلوان و هەمـەدانی گرتـووە كـە كەوتبوونە وڵاتی بیت گەرمییەوە، ئارباكس نیازی ئەوەبووە كە بەرەبەرە هەرچی ناوچە و مەڵبەندی سەر بە ئاشوورییەكانە بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

له درێـژەی نـاوەڕۆكی رووداونامەكـەدا چـەند بابـەتێكی گـرنگ سـەبارەت بـە قەوارەی شارەكە باس كراوە، بەپێی دەقی رووداونامەكە، شای ئاشـوور بەشـێكی شـارەكەی تـەرخان كـردووە بـۆ نیـشتەجێكردنی پیـاوە گـەورەكان و پیـاو ماقووڵەكانی شارەكە و لەلایەن شاوە خەڵاتیان پێدراوە، ئەمەش ئـەوە ئەگەیـەنێ كە خەڵكی شارەكە بە ئازاد ناسراون و ئەگەر شەڕیان بكردایە و تـێ بـشكایەن بـە كۆیلە دائەنران، ئەوسا شای ئاشوور فەرمانی دا كۆشكێكی شایانەیان دروست كرد و پیاوە گەورەكانی ئاشووریان گواستەوە بۆ ئەو شارە و لە پاشا پیاوێكی بەناوی بەرزان بۆ بەڕێوەبردنی شارەكە هەڵبژارد و ئەم بەرزانە نزیكەی هەزار كەسێكی لـە ئاشـوورەوە لەگـەڵ خۆیـا هێنایـە ئـەو شـارە، ئەوسـا بـەرزان قـەڵاییێكی گـچكەی دروسـت كـرد و شـوورەییێكی بـەدەوری شـارەكەدا كێـشا، لـە پاشـان خـۆی و بنەماڵەكـەی لەوێـدا نیـشتەجێ بـوون و پاشـان ئاشـوورییەكان كەوتنـە كـزی و لەناوچوون ، ئەوسـا مادەكـان هێزیـان گـرت، بابلییـەكان بازاڕیـان گـەرم بـوو، لـە پاشـان دوو بنەماڵـە گۆزرانـەوە بـۆ ئـەو شـارەكە یـەكێكی (پەرینـە) و ئـەویتریان (بلاشـە) و ئـەم بلاشـانە لـە كەركووكـدا شۆڕشـێكیان هەڵگیرسـاند و بەبلاشـی كەركووكی ناسران.

لـە پاشـان (سـلووك شـا) بـووە فـەرمانڕەوا و دیـوارە كۆنەكـەی كـەركووكی رووخاند و بەقوڕو ئاهەك بەربەستێكی بۆ دروست كـرد، لـە پـشتی بەربەسـتەكەوە دیوارێكی بەرزی بۆی دانا، ئینجا دەروازەییێكـی لـە بەشـی باشـووری خۆرهـەڵات و دەروازەییێكی لە بەشی باكووری خۆرئاوای شارەكەوە دروست كـرد و لـە تەنیـشت دەروازەی باشووری خۆرهەڵات لەسەر بەرزاییێك پەیكەرێكی لەبەرد دروسـت كـرد،

ئــەم دەروازە تایبــەت بــووە بــە شــارەکە و دەروازەکــەی تــری بــۆ کاروبــاری ساختمانەکانی شــار دانرابــوو، لەناوەنــدی شــارەکەدا کۆشــکێکی چــەند نهــۆمی دروست کرد و چەند شەقامی کێشا و بەجاریێ جوانی بەخشییە شارەکە، لە پاشان دوانزە شەقامی شارەکەی بەناوی دوانزە کەس لـە بنەماڵـە ناودارەکانـەوە ناونـا و پاشان تەپۆڵکەیێکی بۆ دیدەوانی شارەکە دروست کرد، کە ئێستاش شـوێنەواری ئەو تەپۆڵکـە مـاوە لـە راسـتەقینەدا شـارەکە بـووە حـەفتا و دوو شـەقام و پێـنج بنەماڵەشی لە شاری ئەستەخرەوە هێنایە کەرکوك و لەوێدا نیـشتەجێیانی کـرد و هەندیێ کێڵگە و زەویوزار و بەراوی دا پێیان.

لە رووداونامەکەدا پیاوێکی فەلە بەناوی ئەکبالاهای کەرکووکی کە قەشە بووە ناوبراوە، ئەم پیاوە کە هاوچـەرخی بـارامی چـوارەم (388–399ی زایـن) بـووە گـەلیێ جـوامێر و بەخـشندە بـووە و لـە پـاش مـەرگی بـاوکی تـەواوی سـامان و داراییەکــەی کــە بــە کەلــەپوور پێگەیــشتووە بەخــشیویەتە کلیــسا و پیــاوە ئاینییەکانی فەلە، لەپاش ئەکبالاها پیاوێکی تر بەناوی شاپوور بـەراز کـە ئـەویش هەر خەڵکی کەرکوك و قەشە بووە، تەواوی تەمەنی لـە کلیـسا بردووەتـە سـەر و ئەویش گەلیێ کۆمـەکی بـە خـەڵك کـردووە و هـەروەها ئـەڵێن کاروانـسەراییێکی بـۆ رێبوارەکانی فەلە دروست کردووە تا تیایا بحەسێنەوە.

گرنگترین شار و ناوچەکانی کەرکوك لەو دەمەدا بریتی بووە لە شـاری کـەرخ بیت سلووق و شاری گـورد، کـە گـەلیێ دار هـەنجیری تێـدابووە و شـاری دەکـۆك و شاری لاشۆم شـارە هـەرە گـەورەکانی ئـەم ئوسـتانە بـووە کـە بەداخـەوە ئێـستا شوێنەوارێکیان بەدەستەوە نەماوە.

ئەوەی روون و ئاشکرایە کە شاری کـەرکوك ئاشـوورییەکان و سـلووکییەکان ئاوایان نەکردووەتەوە، بەڵکو گووتییەکان کە یەکیێ لە هۆزەکانی کوردی زاگرۆسن ئاوایان کردووەتەوە ناوەکەشی هەر کوردییە کە بەواتای قەڵای گچکەیە و ئەمـەش بەهۆی قەڵا بەناونگەکەیـەتی کـە بـەیادگار ماوەتـەوە، لـە راسـتەقینەدا کـەرکوك یەکەمین شاری کوردستانە و کورد ئاوای کردووەتەوە و دروستکردنی ئەگەڕێتـەوە بۆ زیاتر لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر، بۆیـە ئـەم شـارە هـەموو دەم سـەربەخۆیی خۆی پاراستووە.

شەرەفەدین عەلی یەزدی (000–858ی کۆچی) لە پـەرتووکی (ظفرنامـە) دا لەکاتی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی ساڵانی (806)ی کۆچی ناوی شاری کەرکووکی هێناوە و بەیەکێك لە شارەکانی کوردستان داویەتە قەڵەم.

لە (قاموس الاعلام) دا هاتووە کە کەرکوك یەکێك لە شارەکانی موسـڵ بـووە و سێ بەشی ئەم شارە کوردە و بەشێکی تریشی تورکمان و جوولەکـە و ئەرمـەنی و عەرەبن، هـەروەها کـەرکووك لـە دەوری عوسمانییەکانـدا پێیتـەختی شـارەزوور بووە و زۆربەی خەڵکەکەی کوردن.

کەرکووك لە بنەڕەتا لە دوو کەرت: (کـەرك) بـە واتـای قـەڵا و (ووك) ئـامرازی چکۆلەکردنەوەیە، واتە قەڵاچە و قەڵای چکۆڵە پێکهاتووە و ئەمـەش بـەهۆی قـەڵا بەناوبانگەکەیەتی کە لەسەر گردێکی پان و پۆڕی توورەکـە ڕێـژ دروسـت کـراوە و بەرزاییەکەی لە هەندێ لاوە پـتر لـە پـەنجا گـەزە و لـە رابـردوودا چـوار دەرگـای سەرەکی هـەبووە و لەسـەر یـەکێ لـە دەرگاکـانی بـەردە نووسـراوێك هـەبووە کـە بەداخەوە ئێستا شوێنەوارێکی بەدەستەوە نەماوە.

ئەڵماس خـانی کـەلهوڕ (1165–1227 ی کۆچـی) لـە شـانامەکەیدا وشـەی کەرکی بەواتای (قەڵا) بەکاربردووە، وەکو لە چیرۆکی پیرانی وەیسەدا ئەڵێ:

**فەرما کە کەرکێ سازان پەرێ ئەو**
**ئاما سوواران یەکایەك وە دەو**
**گرد شین و نشتن نە ئەو کەرکەدا**
**تا پیران ئاما وە ئەو دەرکە دا**

واتە:
**فەرمووی کە کەرك و قەڵاییێکیان دروست کرد بۆ ئەو**
**سوارەکان هاتن یەکایەك بەغار**
**هەموویان رۆیشتن و لەو قەڵایەدا دانیشتن**
**هەتا پیران هات بۆ ئەو دەرگایە**

لە راستیدا کەرکووك لـە بنـەڕەتا وشـەیێکی کوردییـە (کـەرك) بـەواتای قـەڵاو (ووك) ئامرازی گچکەکردنەوە واتە: قەڵای گچکە و لە زمـانی پەهلەویـشدا بـە قـەڵا (کەریتە) ئەڵێن.

نامیلکەی شارستانەکانی ئێران کە داگری ناوی هەنـدێ لـە شـارە گـەورەکانی ئێرانە، بەهۆی پادشاکان و فەرمانڕەواکانەوە ئاوا بووەتەوە لە سەدەی هەشـتەمی کۆچیدا بـەزمانی پەهلـەوی نووسـراوە و وا دیـارە نووسـەری نامیلکەکـە لـە گـەلێ سەرچـاوەی کـۆن کـەڵکی وەرگرتـووە، چـونکە لـەوەدا گـەلێ زاراوەی کـۆنی بـەکاربردووە، ئـەم نامیلکـە بـۆ یەکـەمین جـار لەلایـەن (ئدگاربلۆشـە) وە بـڵاو بووەتەوە، پاشان (جاماسپجی) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و لـە سـاڵی 1898 دا لەگەڵ دەقە پەهلەوییەکەیدا بڵاوی کردووەتەوە، لەو نامیلکەدا دیـاردی کراوەتە سەر شاری کەرکووك و ئەڵێ: شاری کەرکووك یەکێك لە شارە گەورەکانی گەرمیانە، کەیخەسـرەوی کـوڕی سـیاوەخش دەسـتی کردووەتـە ئاواکردنـەوەی و ئاورگاییێکی تێدا دروست کردووە، پاشان ئەردەشێری کوڕی پاپەك پەرەی داوەتـە ئاوەدانی شارەکە و هەندێ خانووبەرە و قەڵاییێکی تێدا دروست کردووە، خەڵك لـە هەموو لاییێکەوە روویان تێ کردووە و تیایا ژیـاون، پاشـان ئـەو شـارە کەوتووەتـە بەر هێرشی بێگانەکان و رۆمییەکان و عەرەبەکان شاڵاویان بۆی هێناوە و گەلێ لە خەڵکەکەیان کوشتووە و گەلێکیان دەربەدەر کردووە، بەڵام خەڵکەکەی وەکو پۆڵا راوەستاون و شارەکەیان پاراستووە.

لەم دواییەدا ئەستوندەیێك لە قەڵای کەرکووك دۆزراوەتەوە کە لەوەدا گـەلێ مەبەستی ئاینییان تێدا دەرخستووە و بە چەند کەوەی گچکە نوختەیان بۆ دانـاوە و ئـەو مـۆرەی کـە لـە وێنەکـەدا دیـارە پەیوەنـدی بەبڕیارنامـەیێکی سـەدەی پانزەهەمی پێش زاینـەوە هەیـە، پیاوێـك پیـشان ئـەدا کـە لـە خـوا ئەپارێتـەوە و قژەکەی دەق دراوە و خـوایێ کـە ئـەم پیاوەیـە پەسـەند کـردووە چـەکێکی سـەر سووڕمانی لە دەستدایە و سەری ئەستێرە نیـشانە و پێـی ناوەتـە سەرولـسێك کـە سەرەکەی وەکو سەری بنیادەمە.

لێکۆڵینەوەیێك سەبارەت بە زەویوزاری کـەرکووك کـراوە، بـەپێی بەڵگـەکانی مێژوویی ئەوەمان پێ پیشان ئەدەن کـە لـە دەوری ساسـانییەکاندا هـەمووی ئـەو

زەویوزارانــە پەیوەنــدییان بــە شــاوە بــووە و کەسـێك جگــە لــە شــا خــاوەن زەوی نەبووە، مەگەر کارێکیان بۆ شا کردبێ، ئەویش بەناوی بەخشیش و دەستخۆشـانە زەوییەکەیانی پێ سپاردووە تا گەنمی تێدا بکـێڵن، وەیـا نــەمامی تێـدا بنێـژن، یـا بیکەن بە باخ و بێـستان و لەوەڕگــە بـۆ خۆیــان و مــەڕ و ماڵاتەکــەیان، بــەڵام ئــەو یاسـایە لــە دەوری ئیـسلامەتیدا لــە نــاو چــوو، ئــەو کەســە خــاوەن زەوی بــوو کــە لەســەری زەوییەکــەدا کــار بکــا و بەرهــەمی تیــا بــەدی بــێنێ و لەمــەوە هــەمووی کەرکووکییەکان بوونە خاوەن زەوی و ئیتر زەوییان بە کەلەپوور بۆ ماوەیەوە.

هێزەکانی ئیسلام پاش داگیرکردنی مادایان (مەداین) لە سـاڵی 14ی کۆچـیدا لە نەهرەوانەوە بەرەو ژوور بوونەوە و شارەوان و جەلەولا و خانەقینیان هەموو بە شەڕ داگیرکرد، تەنیا لە رۆژێکدا صەد هەزار کەسیان کوشـت، بــەڵام بــەرازە رۆژ و مێهرۆژ و بەندەنیجین و حەلەوان و شارەزوور و دینەوەر و کرماشان و سەیمەرە بە ئاشتی داگیرکران، لەم کاتەدا خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب (خـوای لـێ رازی بێت) نامەیێکی بۆ سەعدی کوڕی وەقاس نووسی: خۆزگە لــە نێـوانی ئێمــە و خەڵکی چیادا واتا کوردستان بەندێکی ئاگرین ببوایە تا نە ئەوان رێیان بەرەو ئێمە هەبوایە و نە ئێمە بەرەو ئەوان بۆ ئەوەی ئیتر یارانی پێغەمبەر نە کوژرانایە، ئـیتر ئێمە رەشەخاکی عێراقمان بەسە، ئینجا موسڵمانان لەوێوە روویان کردە کەرخێنی یـا کــەرکووك و کوشـتارێکی زۆریــان لــە کــوردی ئــەو نــاوە کــرد و کوردەکــانیش لەبەرابەریانەوە راوەستان و گەلێکیان لێیان کوشت، شەڕەکە چـەند رۆژی خایانـد و خەڵك خۆیان پڕ چەك کرد بۆ بەرەنگاری ئامادە بوون، بەڵام لــە پاشـاندا لەگــەڵ یــەکا راوێــژیان کــرد و ئــەوە بــوو هــەموو بوونــە موســڵمان و چــوونە پێـشوازی موســڵمانەکانەوە و تــەواوی شــار و گونــدەکانیان دا بەدەســتەوە و ئــیتر شــەڕێك نەقەوما.

کەرکووك هەر وا مایەوە هەتا ( قەرە یووسـفی قــەرە قۆینلـوو 792–833ی کۆچی) شاری کەرکووکی لە هێرشێکدا داگیرکرد و خستیە ژێر فـەرمانی خۆیـەوە، هەر ئەو بوو کە هەندێ لە تورکەکانی نارده کەرکووك تا لەوێدا نیشتەجێ بن و ئەو شارە بەڕێوەبەرن ماوەیێکی زۆر هەر لە کەرکووکدا مانەوە تا بەرەبەرە زۆر بـوون هەتا شا ئیسماعیلی سەفەوی (906–930ی کۆچی) لـە هێرشـی بەغـدا شـاڵاوی

هێنایە سەر شاری کەرکووك و ئەو شارەی گرت و پاشان چەند تورکێکی لەوێدا دانا بۆ ئەوەی پەرە بە ڕێبازی شیعە بدەن، هەروەها شارەکەش هەڵسووڕێنن، بەڵام لە پاش شەڕی چاڵدێران کە لە ساڵی 920 ی کۆچیدا رووی دا، شا ئیسمایل لە شەڕەکەدا شکاو لە پاشان کە سوڵتان سلێمانی عوسمانی (926–974ی کۆچی) هاتە سەر کار، شارەزوور و کەرکووکی داگیرکرد و ئەوسا کەرکووکی خستە سەر شارەزوور و شارەزووریشی خستە سەر موسڵ، ئیتر کەرکووك کەوتە ژێر رکێفی عوسمانییەکان و لە پاش ئەوە کوردەکان کەوتنە بەربەرەکانی، هەتا لە ساڵی 1335ی کۆچیدا دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی ئیمپریالیزمەکانەوە رووخا و لە پاش تێشکانی عوسمانییەکان لە ساڵی 1918دا ئیمپریالیزەکان کوردستانیان کردە پێنج پارچەوە کە بەشێکی کەوتە عێراق و بەشێکی تورکیە و بەشێکی سووریە و بەشێکی ئێران و بەشێکی رووسیا، بەم چەشنە کوردستانیان لەناوخۆیانا دابەش کرد و کەرکووکیش دیارە یەکێ لە شارەکانی کوردستان بوو کە خەڵکەکەی لە بەرابەری ئینگلیزەکانەوە راپەڕین و لە ساڵی 1930 دا بڕیاریان دا جۆگەیێ لە زێی بچووکەوە هەڵبگیرێ بۆ حەویجە لە بۆ نیشتەجێبوونی عەرەبەکان، بەو نیازە قوتابخانە بۆ منداڵەکانیان بکرێتەوە، ئەوە بوو کە شاری (حەویجە)یان دروست کرد و تورکمان و عەرەب کەوتنە دروستکردنی خانووبەرە، کە جۆگەکە تەواو بوو خاکی حەویجەیان دایە عەرەبەکان و زەویوزار و بەراویشیان دا پێیان، ئینگلیزەکان بەم چەشنە کەرکووکیان خستە ژێر رکێفی خۆیان و لەپاشا نەوتی بابەگوڕگوڕیان دۆزییەوە و دەریان هێنا و ئەوسا کرێکاری کورد و تورکمانی گوندەکان رژانە ناو شاری کەرکووك و لە پاشا چەند گەڕەکێکیان بەناوی گەڕەکی (عەرەفە) و (سەرخاسە) گەڕەکی (چای) لە خوار پردەکە و گەڕەکی (شۆریجە) پەیدابوو، خەڵکی کەرکووك لە سی هەزار کەسەوە گەیشتە نیو ملیۆن و لە پاشان، کەرکووك بوو بە چوار ناوچەی بەم جۆرە: ئاڵتوون کۆپری کە بریتییە لە: قەرە حەسەن ناحیەیەکی جیایە و گوندەکانی (تەرجیل) و (ترکەشکانی خواروو و ژووروو)و (یەحیاوە)... هتد دەگرێتەوە، ئینجا ناحیەی قادر کەرەم و شوان و مەلحە، چەمچەماڵ کە بریتییە لە ئاغجەلەر و سەنگاو، دووز کە بریتییە لە داقووق و قادرکەرەم، کفری کە بریتییە لە بێباز و شێروان و

قەرەتەپــە و لــەپاش ماوەیێــك هــەرای رەشــید عــالی و تاقمەكــەی دژی رژێمــی پادشایەتی پەیدا بوو، ئەمانە كـەم كـەم هێزیـان گـرت و بڕیاریـان دا كـە كـورد لـە كەركووك نەمێنێ و سەرەتا كوردی فەیلی لـە بەغـدا و كـوردی خانـەقین و كـوردی مەندەلی و بەدرەیان دەركـرد بـۆ ئێـران، بـەڵام زوو لێیـان قـەوما و رووخـان و بـە ئاواتە پیسەكەیان نەگەیشتن ، تـا لـە سـاڵی 1958 دا شۆڕشـی 14 ی تـەمموز رووی دا و ئەمەش ئەوەندەی نەخایاند، هەتا لە یازدەی ئەیلوولی ساڵی 1961 دا عەبدولكەریم قاسم هێرشی بردە سەر كوردەكان و كەوتە كوشتن و بڕینی خـەڵك و سووتاندن كاولكردنی گوند و كێڵگەی جووتیارەكـانی رەش و رووتـی كوردسـتان و بە فڕۆكە و تانك و تۆپ و زرێپۆش بەربووە گیانی كوردەكان ئەوە بوو كە خـەڵكی كـەركووك لەگـەڵ كوردەكـانی تـر دەسـتیان دایـە چـەك و لەبەرابـەری قاسمـەوە راوەستان و ئێستاش خەڵك هەر لە خەبات و بەربەرەكانێدان.

رژێمـی درنـدەی بەعسی رووخـاوی تـازەترین شـاڵاوی دەسـت پێكـردووە و پەرەی بە عـەرەبكردنی ناوچـەكانی كـەركووك داوە و مەبەسـتی ئەوەیـە كـە هـیچ كوردێك لەوێدا نەهێڵێ و كوردایەتی وەكوو جووڵانـەوەی رزگـاریخوازی تـەفروتوونا بكا و هەروەها دابەشكردنی زەویوزاری دێیـە كوردنیـشنەكان بەسـەر عەرەبەكانـدا كـە ئەیانـەوێ لـەو شـوێنانەدا نیـشتەجێ بـن بـۆ ئـەوەی پـشتێنەیەكی ئـەمنی لـە دەوروبـەری كـەركووك بهێننـەدی بـۆ ئـەو عەرەبانـەو كوردەكـان دەربەدەركـەن، لەمەوە زۆربەی خەڵكی كەركووك پرش و بڵاو بوونەتەوە و لە زێد و مەڵبەندەكـەی خۆیان دەركراون و لە هەموو مافێكی رەوای خۆیان بێبەش بـوون و ئـەم كەمۆییـە نامرۆڤایەتییە دەیان ساڵە بەردەوامە و بەم جۆرە دەست بەسەر سـامان و دارایـی ئەو كوردانە دادەگرن و هەموو شتێكیان ئەفەوتێنن، كەواتە هەمووی گەل ئەبێ لە بەرابـەری ئـەم سـتەمكارییەدا راوەسـتن و خـەڵكی كـەركووك بگەڕێننـەوە سـەر زەویوزارەكەی خۆیان.

كەركووك هەر هاوار ئەكا لە كوردان
هەموو یەك بگرن لە دەشت و هەردان
بگــەنە فــریای كــوردی بێــچارە
بەڵكــو دەردەكــەی زوو بكەن چارە
كەركووك خۆ كانگای زێڕێكی رەشە
كەچـی خەڵكەكەی لــەوە بێ بەشــە
دەسا گشت هەڵسن مافتان بستێنن
دەرفەتــە ئێســتا خۆتــان بنـوێنــن

## شارۆچکەکانی کەرکووک

شاری کەرکووك داگری چوار شارۆچکەیە بەناوی: ئالتوون کۆپری کە دوو کاڤاری هەیە بەناوی: شوان، مەلحە، چەمچەماڵ کە داگری دوو کاڤارە بەناوی: ئاغجلەر و سەنگاو، دووز یا تۆزخورماتوو کە دوو کاڤاری هەیە بەناوی داقووق، قادرکەرەم، کفری کە سێ کاڤاری هەیە بەناوی: بێباز، شێروانە، کەلار.

## ئاڵتوون کۆپری

ئاڵتوون کۆپری یەکێکە لە ناوچەکانی کەرکووك، کە لە دوو وشەی ئاڵتوون و کۆپری پێکهاتووە بە واتای پردی زێڕین و ئەم پردەش لە سەردەمی هێرشی سوڵتان مرادی چوارەمی عوسمانی (1032–1059 ی کۆچی)دا کە لە ساڵی 1049 ی کۆچی کراوەتە سەر بەغدا، بەڵام (حافز ئەبرۆ) کە لە ساڵی 834 ی کۆچیدا مردووە لە کتێبیدا (ذيل جامع التواريخ) ناوی ئەم پردەی هێناوە ئەوەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەم پردە لە دەوری سوڵتان مرادی چوارەمدا دروست نەکراوە و بەڵکو پێشتر هەر هەبووەو گەلێ کۆنترە.

(نیپوور) کە یەکێکە لە گەڕیدەکان لە ساڵی 1766ی زایندا، ڕۆیشتووە بۆ ئاڵتوون کۆپری و ئەڵێ: شارۆچکەی ئاڵتوون کۆپری یەکێکە لە شارۆچکە جوانەکانی کوردستان و خەڵکەکەی کوردە، لەوێدا پردێکی نوێم کەوتە بەرچاو کە بەرز و زۆر سەیر بوو، پردە کۆنەکەش چەند ساڵانێك لەوە پێش رووخابوو، هەروەها (ساوس گیت) گەڕیدەیێکی ئینگلیزییە لە ساڵی 1840ی زایندا کاتێ لە بەغداوە ئەچێت بۆ هەولێر ئەڵێ: لە بەرزییەوە بۆ زەویوزارێکی بە پیت بەرەو خوار بووینەوە و لەوێشەوە ڕێگەمان گرتەبەر تا گەیشتینە شارۆچکەی ئاڵتوون کۆپری کە ئەکەوێتە دوورگەیێکەوە لەسەر زێی خواروو کە ئێستە پێی ئەڵێن ئاڵتوون کۆپری.

## چەمچەماڵ

چەمچەماڵ یەکێ لە ناوچـەکانی کەرکوکـە و بریتییـە لـە دوو کاڤـار بـەناوی: ئاغجلەر و سەنگاو، ئەم ناوچە داگری دووصەد و نـۆزدە گونـدە و گـرنگترینی ئـەم گوندانە ئاغجلەر و سەنگاوە و هۆزەکانی بریتین لە: هەمەوەنـد و جـاف و شـوان و شێخ بزێنی و گرنگترین شوێنەوارە کۆنەکانی ئەمانەن: گوندی چەرموو کە مێژووی دروستبوونی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چەرخە بەردینەکان (قـەڵای چەمـچەماڵ) و (بـەردە بەلـەك) و (دێـی نـوور) و دێـی (تـەوەکول) لـە شـوێنەوارەکانی ئـەم شارۆچکەیەن.

## دوز خورماتوو

دوزخورماتوو یەکێکە لە ناوچەکانی کەرکوك، کـە زۆر گرنگـە، چـونکە گـەلێ کانی نەوتی تێدایەو ئـەم ناوچـەیە هـەر لـە دەوری عوسمانییەکانـدا دەرهـاتووە و خەڵکی کەڵکیان لێ وەرگرتووە و ئەم ناوچە داگری دوو کاڤـارە بـەناوی (داقـووق) یـا (تـاوغ)، (قـادر کـەرەم) گـرنگترین سەرچـاوەی ئـاو لـە کاڤـاری قـادر کەرەمـدا رووباری (باسەڕەیە) کە سەرچاوەکەی لە (تەیناڵە)وە هەڵئـەقوڵێ و بـە (دەربـەنی باسەڕە) دا دێتە خوارەوە بە ناوچەی سەنگاودا تـێ ئەپـەڕێ، ئـەم دێیانـەی قـادر کـەرەمی لەسـەرە: قایتـەوەن، قـەڵا مکـایلی سـەروو، شـاوك، چەمـسوورخاو، قەرەچێوار، نەورۆز، دار بەسەرە و لەوێوە ئەچێتە سنووری قەرەحەسەن و تـاوغ، جگە لەوەش کانیاوی پێویست لە ئاواییەکانا هەیە، کە بەشی ژیانی کـەس و مـەڕ و مـاڵاتی ناوچـەکە ئـەکات، ئـەم ناوچـەیە دووصـەد و پـەنجا و پێـنج گونـدە و بـەناوبانگترینیان گونـدی (سـلێمان بـەگ) و (پەنـچکە) و (ئـەبو حەسـەن) و دێـی (حەوتـەغار) و (شـوار)و (تـۆپزاوا)یـە و هۆزەکـانی بـریتین لـە : داوودە، بـەیات، تاڵەبان، کاکەیی، جـەباری، گـل، زەنگنـە، شـێخان و شـوێنەوارەکانی ئـەم ناوچـە بریتین لە: بارەگای زەینولعابـدین و بارەگـای شـێخی قەرەچـێوار و سـاری تەپـەو گەلێ شوێنی کۆنی تری هەیە.

## كفری

کفری یەکێکە لە ناوچەکانی کەرکوك، کە لـە دەوری عوسمانییەکانـدا پێیـان ئەوت (سەلاحیە) و ئەم ناوچـەیە، خـاوەن زەویـوزارێکی پـان و بـەرین و بـەراوە و کەوتووەتە بەشی خۆرهـەڵاتی شـاری کەرکووکـەوە، بەشـی بـاکووری خۆرهـەڵاتی پارێزگەی (سلێمانی)یە و باشـووری خۆرهـەڵاتی پارێزگـەی (دیالەیـە) و باشـووری خۆرئاوای پارێزگەی (بەغدایە) و سنووری ئەم ناوچـە لای خۆرهەڵاتیـەوە رووبـاری سـیروان و لای خۆرئـاوای ناوچـەی قـادر کـەرەم و ناوچـەی دوزخورمـاتوو، و لای باکووری ناوچـەی هەڵەبجـە و سـەنگاو و لای باشـووری رووبـاری سـیروان و کێـوی حەمرین، ژمارەی دێیەکانی سێـصەد و هەشـتا و هەشـت دێیـە، هەشـتا دێـی ئـەم ناوچەیە لە ساڵی 1976 دا سووتێنراو و بەم بۆنەوە گەلێ لە خێزانەکانی کۆچیان کردە ناوچەی کەلار و لە جێی ئەواندا عەرەبەکانیان جێنشین کرد.

ئەگێڕنەوە و ئەڵێن کە شارۆچکەی کفری بەهۆی (خەسرەو پەروێزی ساسـانی 590–628ی زاین)یەوە ئاوا بووەتەوە، لـە راسـتیدا کفـری نـاوی دارێکـە کـە لـە رابـردوودا لـەم شارۆچـکەیە بێـشەیێك بـووە لـەم دارە و پاشـان بوومەلـەرزەیێك شارەکەی بەجارێ وێران و خاپوور کردووە، لە پاشا خەڵك شارەکەیان سـەرلەنوێ ئاوا کردووەتەوە، (ریچ) لە گەشتنامەکەیدا سەبارەت بە شارۆچکەی کفـری ئـەڵێ: لە شارۆچکەی کفری شوێنەواری کۆن کـە پەیوەنـدی بـە دەوری ساسـانییەکانەوە هەیە ئەکەوێتە بەرچاو و گەلێ دیزە و گۆزەی ئەو دەورە لەناو خاکا دۆزراوەتەوەو خەڵکی ئەم شارۆچکە نزیکەی حـەوت هـەزار کەسـێك ئـەبن و هـەموویان کـوردن و خەریکی وەرزێری و ماڵاتدارین و بازرگان و مزیاریشیان تیایـە و بەرهـەمی بریتییـە لە گەنم و جۆو کونجی و چەوەندەر و میوەی بریتییە لـە تـرێ و سـێو و هـەرمێ و گەلێ باڵندەی جۆربەجۆری تیایە وەکو: کەو تەیهوو، و کۆتر و ئاسـك و کەروێـشك و هەواکەی لە وەرزی بەهارا زۆرخۆش و لە زستاندا گەلێ ساردە و کانی خەڵووز و نەوتی تێدایە، ئارامگەیێکی تیایە کە ئـەڵێن هـی (بـاوە شاسـوار)ەو خـەڵك ئەچـنە دیتنی و داوای مرازی لێ ئەکەن.

## شوێنەوارەکانی کەرکووک

لە کەرکووکدا گەلێك شوێنەواری مێـژوویی هەیـە، کـە هەنـدێکیان بـریتین لـە: مینـارەی داقـووق و نـووزی ترکـەڵان و گردەکـانی عـەلی پاشـا و گـردی چـەرموو، ئورغوون و قەڵای چەمچەماڵ و گوندی نوورە و گوندی تەوەکـەڵ و بـردە بەلکـە و سوڵتان ساقی.

## شوێنە پیرۆزەکانی کەرکووک

مەزارگـە و شـوێنە پیرۆزەکـانی کـەرکووك بـریتین لـە: تەکیـەی تاڵـەبانی، ئارامگـای دانیـال پێغەمبـەر، ئارامگـای عـەزیز و حونـەین لـە قـەڵای کـەرکووك، ئارامگای ئیمام ئەحمەد، ئارامگـای شـێخ جـوارە، ئارامگـای ئیمـام زەینولعابـدین، ئارامگای شێخ هەرزان، ئارامگای ئیمـام هـەوا، ئارامگـای ئۆمەرمەنـدان، ئارامگـای ئەبوعلووك، ئارامگای وەجاغ، ئارامگای گوێزلی بابا.

## پیاوە ئاینییەکانی کەرکووک

لە کەرکووك گەلێ پیاوی ئاینی هەڵکـەوتووە و ئـەم شـارە هـەموو دەم زێـد و مەڵبەندی پیاوانی زانا و وێژەوان و رۆشـنبیر بـووە و پیـاوە گـەورەکانی بەتونـدی بـەرگرییان لــە شــارەکە کــردووە و شــارەکەیان پاراســتووە و لــە بەرابــەری دوژمنەکانەوە راوەستاون بەتایبەت لە بەرابەری عوسمانییەکان و ئینگلیزەکانـەوە راوەستاون و هەندێ لە پیـاوە ئاینییـەکانی کـەرکووك بـریتین لـە: شـێخ عەبـدوڵڵا تاڵەبانی، شێخ عەلی تاڵەبانی، مەلا ئەحمـەدی رۆژبـەیانی، عـەلی سیامەنـسووری، مەلا ئەحمەدی حەکیم، مەلا رەزای واعیز، مەلا عەلی لەیلان، عەبدولمەجید قوتب، مەلا ناسح مودەڕیس، مەلا مەحموودی مەزناوە، شێخ موحەممەدی کەرەوان، مەلا رەئووف تورشچی.

## مزگەوتەکانی کەرکووک

چونکە زۆربەی خەڵکی کەرکووک موسڵمانن، بۆیە هەر لە مێـژەوە مزگـەوتیان لە شارەکەدا دروست کردووە و گـەلێ بایـەخیان بـە دروسـتکردنی مزگـەوت داوە، مزگەوتەکانی کەرکووک بریتین لە: مزگەوتی ئیمام قاسـم، مزگـەوتی نایـب ئـۆغڵی، مزگەوتی نوعمـان، مزگـەوتی قـازی ، مزگـەوتی حەسـەن مـەکی، مزگـەوتی بـلاَغ، مزگەوتی دانیال پێغەمبەر، مزگەوتی منارە، مزگەوتی حاجی مستەفا.

## خانەقاکانی کەرکووک

لە کەرکووک هەر لە مێژەوە خانەقا دروست کراوە و خانەقاش پەیوەنـدی بـە شـێخ و دەروێـشەوەیە، چـونکە لـە کـەرکووک گـەلێ شـێخ سـەری هەڵـداوە و خانەقاکانی کەرکووک بـریتین لـە: خانـەقای تاڵـەبانی، خانـەقای حـاجی حەیـدەر، خانـەقای شـێخ عەبـدوڵلا، خانـەقای شـێخ ئەحمـەدی خانـەقا، خانـەقای خـادم سوجادە.

## گەڕەکەکانی کەرکووک

لە کەرکووک گـەڕەکی زۆر بـووە و گەڕەکـەکانیان بـەناوی پیـاوە گـەورەکانی کەرکووکەوە ناوناوە و گەڕەکـەکانی بـریتین لـە: گـەڕەکی ئیمـام قاسـم، گـەڕەکی بەگلەر، گـەڕەکی بـلاَغ، گـەڕەکی پیریـادی، گـەڕەکی ئیـسکان، گـەڕەکی چـقوور، گەڕەکی خاسـە، گـەڕەکی شـاترلوو، گەڕەکی سـاری کەهیـە، گـەڕەکی عەرەفـە، گەڕەکی شۆڕیجە، گەڕەکی زێوێ، گەڕەکی یادگار.

## خانەکانی کەرکووک

لـە کـەرکووک هـەر لـە مێـژەوە خانیـان بـۆ خـەوتن و حەسـانەوەی ڕێبـواران دروست کردووە کە هەندێ لەو خانانە دوو نهۆم بووە و نهۆمی سەرەوە بۆ خـەوتن و حەسانەوەی ڕێبواران و نهۆمی خوارەوەش بۆ وڵاخ و چارواکان تەرخان کـراوە و خانەکانی بریتی بـوون لـە: خـانی شـارەوانی، خـانی خورمـا، خـانی قـازی، خـانی گلیانی، خانی چقوور، خانی گاور، خـانی عەبـدوڵلا موسـلاوی، خـانی ناسـح بـەگ، خانی گومرگ.

## گەرماوەکانی کەرکووك

لە کەرکووکدا هەر لە مێژەوە گەرماو بووە کە پتر خەڵکی شار بۆ پاکی و خاوێنی خۆیان روویان کردووەتە گەرماوەکان و گەرماوەکانی بریتین لە: گەرماوی بلاغ، گەرماوی پیریادی، گەرماوی سەرای، گەرماوی شۆرجە، گەرماوی دەدە حەمدی، گەرماوی هیندییەکان، گەرماوی حاجی حەسەن.

## رۆژنامە و گۆڤارەکانی کەرکووك

لە کەرکووك نزیکەی صەد ساڵ لەمەوپێش رۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی دەرچووە کە گەلێ راژەیان کردووەتە زمان و وێژەی کوردی و خەڵکیان روون کردووەتەوە و ئەو گۆڤار و رۆژنامانە بریتین لە: رۆژنامەی الحوادث، رۆژنامەی المعارف، رۆژنامەی کوکب المعارف، رۆژنامەی النجمة، رۆژنامەی ئیلەری، رۆژنامەی الوحدة، رۆژنامەی صدی الشمال، رۆژنامەی الثقافة الجدیدة، رۆژنامەی رأی الاهالي، رۆژنامەی ئازادی، گۆڤاری مرۆڤ، گۆڤاری شەفەق، گۆڤاری گزنگ، گۆڤاری باباگوڕگوڕ، گۆڤاری نێرگز، گۆڤاری کەرکووك.

## هۆزەکانی کەرکووك

لە کەرکووك و ناوچەکانیدا گەلێ هۆز و خێڵی کورد هەر لە مێژەوە ژیان ئەبەنە سەر کە مێژوونووسان سەبارەت بەو هۆزانە گەلێ مەبەستی بەکەڵکیان نووسیوە و لەناو ئەم هۆزانەدا گەلێ پیاوی گەورە و تێگەیشتوو و زانا پەیدا بوون کە خزمەتیان کردووەتە خەڵك و ئێمەش لێرەدا ناوی هەندێ لەو هۆزانە دێنین و لەبارەیانەوە ئەکۆڵینەوە کە هیوادارین کەڵك و سوودی لێ وەرگرن:

1- **بیبیانی**: یەکێ لە هۆزەکانی کوردە و ئەبنە دوو بەشەوە : نیشتەجێ و کۆچەری، کە نزیکەی چوار صەد بنەماڵەن و لە کەرکووك و کفری ئەژین و هەروەها ئەم هۆزە لە: دارەمانی گەورە و حەساری بچووك و بیبیانی گەورە و بیبیانی بچووك و زەردك و قزڵقایە و هەندێ لادێکانی چەمچەماڵدا ژیان ئەبەنە سەر و لەناو ئەم هۆزەدا گەلێ پیاوی گەورە و شۆڕشگێڕ هەڵکەوتووە.

2- **تاڵـەبانی**: ئەم هۆزە لـە بنـەڕەتا ئەچـێتەوە سـەر هـۆزی زەنگەنـە و نزیکـەی هـــەزار و دوو صـــەد بنەماڵـــە ئـــەبن و لـــە دەوروبـــەری کـــەرکووك و کفـــری و چەمـچەماڵ ئـەژین، لـەناو ئـەم هـۆزەدا گـەلێك پیـاوی گـەورە و بـەناوبانگ و شۆڕشگێڕ پەیـدابووە، وەکـو شـێخ رەزای تاڵـەبانی و مـام جـەلال کـە گـەلێك خزمەتیان بە نەتەوەکەیان گەیاندووە.

3- **جاف**: یەکێك لە هۆزەکانی کوردە، کە نزیکەی چل و حەوت تـیرەن و هەنـدێ لە تیرەکانی لە زستاندا لە ناوچـەی کفـری بەسـەر ئەبـەن و هەندێکیـشیان لـە چەمچەماڵ و دوزخورماتوو داقووقدا نیـشتەجێن، هەنـدێ لـە تیرەکـانی وەکـو شاتری و رەش و بۆری لە دێکانی بانگۆل و زەردە و شاوك و قۆچـەلی و تـازە شاری و قادر کەرەم ژیان ئەبەنە سەر.

4- **داوودە**: یەکێ لە هۆزەکانی کوردە و نزیکەی دوو هـەزار خێزانێـك ئـەبن و لـە شەش تیرە پێکهاتوون: شێخەوەند، بەیرام وەند، کـەرەم وەنـد، خەڵەنوەنـد، دیلانی، قەواڵی بارنەوەری کـە زۆربـەیان لـە دێکـانی دوزخورمـاتوو ، کفـری و چەمچەماڵدا ئەژین لە ساڵی 1920 دا هۆزی داوودە بە سەرۆکایەتی رەفعـەت سمایل بەگ، لەگەڵ برایم خاندا لە بەرابەری ئینگلیزەکاندا راپەڕین و ناوچـەی دووزیان لە چنگ ئینگلیزەکان رزگار کرد.

5- **دەلۆ**: ئەم هۆزە نزیکەی شەش صەد خێزانێك ئەبن و لە دەوروبەری کەرکووك و کفری و چەمچەماڵ ئەژین و زۆربەیان خەریکی کشتوکاڵ و ماڵاتدارین و ئـەم هۆزە داگری ئـەم تیرانەیـە: جـامڕێزی، پـەنج ئەنگوشـتی، کـەهرێزی، کاشـی، تارکەوەنـد، ئەمانـــە زۆر نەبـــەز بـــوون و لـــە دەوری بابانەکانـــدا مەترســـییان خستبووە دڵی خەڵکەوە و هەوارگەی پێـشووی ئـەوان لەناوچـەی نێـوان: ئـاچ داخ و برکاج داخ لە خۆرئاوای زنجیرە چیای قەرەداخ بووە، لەناو ئەم هـۆزەدا گەلێ پیاوی گەورە هەڵکەوتووە، وەکو: ئیبراهیم خانی دەلۆ کە شۆڕشێکی لە شاری کفری هەڵگیرسان و لە بەرابەری ئینگلیزەکانەوە راوەستا.

6- **رۆژبـەیانی**: ئەم هۆزە نزیکەی حەوصەد بنەماڵەن لە دەوروبـەری کـەرکووك و کفری و دووز و چەمچەماڵ ئەژین و لەناو ئەمانەدا پیاوانی گەورە و بەناوبانگی

وەکو: مەلا عەبدوڕەحمانی ڕۆژبەیانی و حاجی مەلا عەبدوڵڵای ڕۆژبەیانی و مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی هەڵکەوتوون کە گەلێ ڕاژەیان بە فەرهەنگ و وێژەی کوردی کردووە.

7- **ساڵەیی**: یەکێ لە هۆزەکانی کوردە و قەڵەمڕەوی ئەم هۆزە یەکجار پان و بەرینە و لە باکوورەوە زێی بچووك و لە باشوورەوە زنجیرە هەڵەتەکانی باکووری خۆرهەڵاتی کەرکووك و لە خۆرهەڵاتەوە قەڵاسێوکە و لە خۆرئاواوە شاری پردێ و دووبز و زۆربەیان لەم دێیانەدا ئەژین: قەرەجەم، مشێرفە، تەق تەق، کونەڕێوی، دۆرم، دەرمانـاو، کانی ڕەش، جگیلە، سماقە، گورزەیی، دووبز، نەبیاوە، شانەشین، گەڵۆزی، بیرەسپانی، ڕۆژبەیانی.

8- **زەنگنە**: هۆزێکی گەورەی کوردەو ئەبێت بە دوو بەشەوە: نیشتەجێ و کۆچەری، لە خۆرهەڵاتی کفری و سۆماك و کەرکووك و زەرداو و چەمچەماڵ و دووزدا ئەژین و نزیکەی پێنج سەد خێزانێك ئەبن و ماوەیەك لە کەرکووکدا فەرمانڕەواییان کردووە، لە شەرەفنامەدا باسیان کراوە.

9- **شوان**: نزیکەی دوو هەزار بنەماڵەن و ئەبنە دوو بەشەوە: نیشتەجێ و کۆچەری کە لە کەرکووك و لەنێوان ڕووباری خاسێ و زێی گچکەدا ئەژین و ئەمانە هاوسێی هۆزی شێخ بزێنی و هۆزی بیبیانین و ئەم هۆزە دوو تیرەن: شوانی سەرخاسەو، شوانی بازیان و ئەمانە ناوچەیێکی فراوانیان گرتووەتەوە و لەم گوندانەدا ئەژین: جەوەجەوە، دووبزنی، کارێز، بیراڵك، دارەختیار، دووشێوان، تەپەکووڕەی سەروو، پاپیلان، گەنیاگ، تۆرکە، گورگان، گوڵمکەوە، ئاوباریك، پەلکەڕەش، گۆران، دەلۆ، پیری جان، سووورە دێ، کارێزەی خاڵ خاڵان، بەپێی فەرمانی عوسمانییەکان، تورکمانەکان شاڵاویان بردە سەر شوانەکان و شوانەکانیش لە بەرامبەریانەوە ڕاوەستاون و چەند کەسێك لە هەدوو لایان کوژراو پاشان ئاشت بوونەوە.

10- **شێخ بزێنی**: یەکێ لە هۆزەکانی کوردە و نزیکەی شەش سەد بنەماڵەیێك ئەبن و لە شاری کەرکووك و لە کەناری زێی گچکەدا ئەژین بەتایبەت لەم

گوندانەدا ژیان ئەبەنە سەر: تولکی، کاولەسوار، شەوگێڕ، پەلکانە، بیبانی گەورە، زەردك، جگیلە، سماقە، کانی رەش ، گورزەیی.

11- **کەلوڕ**: یەکێ لە هۆزەکانی کوردە کە بەشێکیان کۆچەرن و ئەوانی تریان نیشتەجێن و هەوارگەی هاوینیان چیاکانی چەمچەماڵە و زستانان ئەگەڕێنەوە بۆ کفری و ئەمانە داگری بیست تیرەن و هەندێ لە تیرەکانی وەکو: کەلەپاو ئەلوەندی و شاهین و کەمەرە لە دەوروبەری کفری و کەرکووك و چەمچەماڵدا ئەژین و نزیکەی حەوت هەزار بنەماڵەیێك ئەبن و لەناو ئەمانەشدا گەلێ پیاوی ناودار و نەبەز هەلکەوتووە کە خزمەتیان بەخەلك کردووە.

12- **هەمەوەند**: یەکێ لە هۆزە نەبەزەکانی کوردە کە نزیکەی دوو هەزار خێزانێك ئەبن و ئەمانە لە دەوروبەری کفری و چەمچەماڵ و کەرکووك ژیان ئەبەنە سەر و نۆ تیرەن بە ناوانی: چەلەبی ، چنگنی، پیریایی، کافرۆشی، رەشەوەند، رەماوەند، سەفەروەند، سۆفی وەند، سێتە بەسەر و لەناو ئەم هۆزەدا گەلێ پیاوی گەورە و نەبەز هەلکەوتووە کە گەلێ خزمەتیان بەخەلك کردووە، وشەی هەمەوەند لە پەهلەوی واتای بەهێز دەگەیەنێت.

*   *   *

## فەرمانڕەوایانی زەنگنە

هۆزی زەنگنە یەکێ لە هۆزەکانی کۆنی کوردەو لە دەوری ساسانییەکاندا زۆربەیان لە کێشك گرتنی نەمردا بوون و لە دەوری ئیسلامەتیشدا گەلێ پیاوی گەورەیان لێ هەڵکەوتووەو پتر لە شارەکانی کرماشان و مایدەشت و کەرکوك و کفری و چەمچەماڵدا ئەژیان و لە دەوری سەفەوییەکاندا بە پلەو پایەی بەرز گەیشتوون و لە شەرەفنامەدا نووسراوە کە هۆزی زەنگنە یەکێ لە هۆزە گەورەکانی کوردەو یەکێ لە پیاوە گەورەکانی ئەم هۆزە عەلی بەگی ئالی بالییە کە لە دەوری شا عەباسی سەفەوی (996– 1038ی کۆچی)دا سەرکردەی لەشکر بووەو شا ویستی سنە بگرێ و هەڵۆخانی ئەردەڵان (996– 1014ی کۆچی) لەناوبەرێ و کاتێ لەشکرەکەی شا گەیشتە دەوروبەری سنە ئالی بالی بەشای وت قەڵاکانی سنە زۆر سەختەو بۆمان ناگیرێ و باشتر ئەوەیە ئەگەر ودمم پێ بدەی من خۆم لەگەڵ هەڵۆخانا قسە بکەم و ئەو بە ئێوە نزیك کەمەوەو شاش قسەکەی پەسەند کردو چەند خەڵاتێکی پێدا کە بیبا بۆ هەڵو خان و هەڵۆخانیش کوڕەکەی خۆی لەگەڵ چەند خەڵاتێکی بابیداردا نارده ئەسپەهان و شاش چووە بەرەو پیرییەوە و زەڕین کڵاوی خوشکی بۆ خان ئەحمەدخانی ئەردەڵان مارەبڕی و بەم جۆرە بەیەك نزیك بوونەوە.

یەکێ لە تیرەکانی زەنگنە هۆزی زەنگنەی کەرکووکییە کە لە ساڵی 968ی کۆچی لە فەیروز ئاواو مایدەشتەوە کۆچیان کردووەتە کەرکوك و لەوێدا نیشتەجێ بوون و چوار کەس لەم هۆزە بەناوی: نەوشێروان بەگ و میر سمایل و ئەحمەد بەگ و مەحموود بەگ لە ساڵی 971ی کۆچییەوە تا ساڵی 1037ی کۆچی فەرمانڕەوایان کردووە کە ئاوا لە بارەیانەوە ئەدوێین:

* * *

## نەوشیروان بەگی زەنگنە

## ( 971- 975ی کۆچی )

نەوشیروان بەگ کوڕی خەسرەو بەگی زەنگنە پیاوێکی نەبەزو دیندارو لێهاتوو بوو، لە ساڵی 971ی کۆچیدا لەلایەن پیاوە گەورەکانی هۆزەکەیەوە بە سەرۆك هەڵبژێردراو، لە پاشا شا ئیسماعیلی سەفەوی (907– 930ی کۆچی) کردییە فەرمانڕەوای فەیرۆز ئاواو مایدەشت و سەرەتا لەشکرێکی پیادەو سوارەی لە لاوان بۆ بەرگری مەڵبەندەکەی کۆکردەوەو پاشان مزگەوت و کاروانسەراییێکی لە مایدەشتدا دروست کرد، پاشان یەکییەتی لەناو تیرەکانی زەنگنەدا هێنایەدی و لە دەوری ئەودا هەندێ لە قزلباشەکان هاتنە مایدەشت و دەستیان کرد بە ئازاردانی خەڵك، ئەویش ناچار هەموویانی گەیاندە سزای خۆی، کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە شاتامازی سەفەوی (930– 984ی کۆچی) فەرمانی دا کە نەوشیروان بەگ بکوژن، ئەویش ناچار لەگەڵ هەندێ لە پیاوە گەورەکانی هۆزەکەیا کۆچی کرد بۆ شارەزوورو لەوێوە چوو بۆ کەرکووك و هۆزەکەی لەوێدا نیشتەجێ کرد، لەپاش ماوەیەك هێزی سەندو بوو بە فەرمانڕەوای کەرکووك و خۆرنەوەزان و گل، بەو جۆرە ژیانی بردە سەر تا لە ساڵی 975ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردو کوڕێکی بوو بەناوی میر سمایل کە گەلێ ئازاو نەبەز بوو.

## میر سمایلی زەنگنە

## ( 975- 998ی کۆچی )

میر سمایل کوڕی نەوشیروان بەگ لە ساڵی 975ی کۆچیدا لەلایەن پیاوە گەورەکانی زەنگنەوە بەسەرۆکایەتی هۆزەکەی هەڵبژێرراو بوو بە فەرمانڕەوای کەرکووك و خۆرنەوەزان و گل، لەگەڵ خەڵکدا بە میهرەبانی و داد رەفتاری کرد، کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە سوڵتان مرادی سێیەمی عوسمانی (982– 1003ی کۆچی) پێنج سەد سواری بەسەرۆکایەتی یاوز بەگ نارد تا دەسگیری بکەن، میر سمایل کاتێ ئەم هەواڵەی پێ گەیشت لەگەڵ سوارەکانیا چووە پێشوازییەوە،

یاوز بەگیش لە دوای چەند ڕۆژ پشوودان و حەسانەوە ئەوی لەگـەڵ خۆیـا بـرد بـۆ لای سوڵتان و ڕووداوەکەی بۆی گێڕایەوە، سوڵتانیش گەلێ ڕێزی گرت و مەڵبەندی کەرکووك و خۆرنەوەزان و قەیتوولی لەگەڵ دە هەزار فلووری زێڕ پێ بەخشی و لە پـاش گەڕانـەوەی بـۆ کـەرکووك خوشـکی شـێخ مـستەفای خواسـت، پاشـان کاروانـسەراو مزگـەوتێکی لـە گلـدا دروسـت کـردو ئـەو بـاج و گزیتـەی کـە کـۆی ئەکردەوە هەندێکی ئەبەخشییە هەژاران و گەلێ ڕێزی هونەرمەنـدان و زانایانیـشی ئەگرت، لە پاش ماوەیەك ئەوەندە هێـزی پەیـداکرد کـە فـەرمانڕەوای مووسـڵ لـە کارەکاندا ڕاوێـژی لەگـەڵیا ئـەکرد، پاشـان سـلێمان بـەگی بابـان (979– 997ی کۆچی) بە لەشکرێکی بـێ ئـەژمارەوە هێرشـی هێنایـە سـەری، بـەڵام تێـشکاو بـە شەرمەزارییەوە گەڕایەوەو کاتێ ئەم هەواڵە گەیشتە سـوڵتانی عوسمـانی فـەرمانی دا کە باشترین نیشان و خـەڵاتی پـێ بدەن، بـەڵام ئەوەنـدەی نەخایانـد سـوڵتانی عوسمانی لێی ترساو فەرمانی دا کە بیکوژن، پاشا گرتیان و زیندانیان کرد، یـەکێ لە جەردەکان بەناوی حەقی ئەوی ئازاد کردو پاشان میر سمایل خوشکەکەی خۆی لێ مارە کرد، لە ساڵی 998ی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد.

## ئەحمەد بەگی زەنگنە

### ( 998- 1027ی کۆچی )

ئەحمەد بەگ کوڕی میر سمایل بەپێی فەرمانی سوڵتانی عوسمـانی لـە سـاڵی 998ی کۆچیدا بوو بە فـەرمانڕەوای کـەرکووك و خۆرنـەوەزان و گـل و قـەیتوول، ئەویش وەکو باوکی گەلێ نەبەزو جوامێرو بەخشندە بوو، خەڵکی بۆ کارو کۆشـش و کشتوکاڵ هان ئەدا، لە پاش ماوەیەك گەلێ دەوڵەمەند بـوو، نزیکـەی دوو هـەزار سواری ئامادە کردو پاشان دەستی کرد بە ئاوەدانکردنەوەی دێیەکان و قەڵایـەکی لە خۆرنەوەزان و چەند کۆشکێکی لە کەرکووکدا دروست کـرد، لـە پـاش ماوەیـەك ناوچەی قەراغ و سـەنگاوی داگیرکـرد، لـە سـاڵی 1027ی کۆچـیدا کۆچـی دوایـی

کرد.

## مەحموود بەگی زەنگنە
## (1027- 1037ی کۆچی)

مەحموود بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی زەنگنە لە ساڵی 1027ی کۆچیدا بەپێی فەرمانی سوڵتان عوسمانی دووەمی عوسمانی (1027– 1031ی کۆچی) بوو بە فەرمانڕەوای کەرکووك و گل و خۆرنەوەزان و قەیتوول، سەرەتا لەشکرێکی لە لاوان کۆکردەوەو چوو بۆ شەڕی قزڵباشەکان، چونکە جاروبار هێرشیان ئەهێنایە سەر خەڵك و تەنانەت هەندێکیان بە دیل گرتبوو بردووبوونیان بۆ ئەسپەهان، ئەوە بوو لە ساڵی 1032ی کۆچیدا داوای یارمەتی لە سوڵتانی عوسمانی کرد، لەبەرئەوەی لەو دەمەدا عوسمانییەکان لەگەڵ دەوڵەتی سەفەویدا لەشەڕدا بوون و سەفەوییەکان عێراقیان گرتبوو، ئەوە بوو نەیتوانی کۆمەکی بکاو مەحموود بەگیش ناچار خۆی بە ئێران نزیك کردەوەو (شاتامان) کردی بە فەرمانڕەوای کەرکووك و کاتێ ئەو هەواڵە گەیشتە سوڵتانی عوسمانی بە پەنامەکی لە ساڵی 1037ی کۆچیدا کوشتیان و بەکوژرانی ئەو فەرمانڕەوایەتی زەنگنە لاواز بووەوە، سەرەنجام کەرکووك و ناوچەکانی کەوتە ژێر رکێفی عوسمانییەکانەوە.

## رێ و ڕچەی کاکەیی

زۆربەی کەرکووکییەکان موسڵمانن و لەسەر رێبازی شافعین، بەڵام هەندێکیان کاکەیین و لەسەر رێ و ڕچەی کاکەیی ئەڕۆن. بە کاکەیی ئەڵێن یاری و یارسان، رەگو ریشەی کاکەیی کۆنەو ئەگەڕێتەوە بۆ ئاینی، زەردەشتی و مەزدەکی و مانەوی، تەنانەت گەلێ بیرو باوەڕی فەلەکان و جوولەکەکان و موسڵمانەکان کەوتووەتە ناو رێ و ڕچەکەیانەوە.

رێ و ڕچەی کاکەیی لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچییەوە پەیدابووە، ئەم رێو ڕچە سەرەتا بەهۆی بالوولی ماهی (146– 219ی کۆچی)یەوە دامەزراوەو لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا بەهۆی سوڵتان سەهاکی بەرزنجی

(675– 798ی کۆچی)یەوە تازە کراوەتـەوەو گـەلێ مەبەسـتی ئـایینی پـێ زیـاد کراوە.

کاکەیی بە دوونـادوون بڕوایـان هەیـەو لایـان وایـە کـە هـەر بنیادەمێـك ئـەبێ هەزارو یەك قالّب بگۆڕێ و لە پاش گـۆڕانی هـەزارو یـەك قالّـب گیانەکـەی ئەچێتە جیهانی نەمرییەوە کە لە شارەزووردایەو ئەگەر ئادەمیزاد سەرەتا کاری چـاك بکـا لە پاش مردن گیانەکەی ئەڕواتـە نێـو لەشـی بنیـادەمێکی چاکەوە، ئەگـەر کـاری خـراپ بکـا رۆحەکـەی ئەڕواتـە لەشـی بنیـادەمی خـراپ، وەیـا ئەڕواتـە لەشـی جانەوەرەکان و دڕندەکان و لەم رێگەوە بە سزای کـردەوەی خراپـی خـۆی ئـەگاو هەروەها بڕوایان بەوە هەیە کە خواش لەش ئەگۆڕێ و لـەم رێگـەوە بنیادەمـەکان ئەبینێ و تاقییان ئەکاتەوە.

سولّتان سەهاك یارەکان و لایەنگرانی خۆی دابەش کردووەتە پانزە تاقمەوەو بۆ هەر کام ئـەرکێکی تایبـەتی دانـاوە کـە ئـەو پـانزە تاقمـەش بـریتین لـە: چـوار فریشتەکان، حەوتەن، حەوتەوانە، چل تەن، یارانی قەوەڵ تاس، حەفتاو دوو پیر، حەوت خەلیفە، حەوت مجێور، حەوت حەوتەوان، چل چل تەنان، نەوەدو نـۆ پـیر، شەست و شەش خولّام، بەیوەر هەزار بەنـدە، پێـوەن بەنـدە، هەزارویـەك بەنـدە، کاکەییەکان ئەبنە پانزە بنەماڵە، کە هەر بنەماڵەیەکیان بڕوایەکی تایبەتیان هەیە، بەلّام هەموویان لایەنگری سولّتان سەهاکن و هەر لەسـەر فەرمانـەکانی پـەرتووکی (سەرئەنجام) ئەڕۆن و ئەو یانزە بنەماڵەش بـریتین لـە: شـا ئیبراهیمـی، یادگـاری، خامۆشی، عالی قەلەندەری، میر سووری، مستەفایی، حاجی باوەیسی، زەنـووری، شا هەیاسی، ئاتەش بەگی، باوە حەیدەری.

حەوتەن بریتییە لە حەوت فریشتە کـە پاسـەوانیی ئاسمـان و مـانگ و خـۆرو ئەستێرەکان و باو زەوی و ئاو و گیاو ئاگرو ئاسن بەوان سـپێرراوە، حەوتەوانـەش بریتین لە حەوت فریشتە کە بەپێی (سەرئەنجام) لە تیشکی خوا خولّقاون و ئەمانە خەڵکی رێنوێنی ئەکەن.

لەسەر هەر کاکەییێك پێویستە کە سەر بسپێرێ و بۆ سەر سپاردن، پێویـست بەدانەیێ گوێزی هیندی و شـەدەو نیـازو پـووڵ و کـاردو کەڵەشـێرو مـەنێ بـرنج و چـارەکێ رۆن هەیـە کـە سـەرەتا ئـەبێ کەڵەشـێرەکە سـەر بـبڕن و لێـی بنـێن و برنجەکە دەم کەن و ئەوسا سەر بسپێرن، بۆ سەر سپاردنیش ئـەبێ پـیرو مجێـورو

خەلیفـە لـە جەمخانـەدا ئامـادەبن و پـیر سـەرەتا چـەند سـروودێکی سـەرئەنجام ئەخوێنێتەوەو ئەوسا سەری کوڕەکە یا کچەکە ئەسپێرن.

کاکەییەکان لە ساڵێکدا سێ ڕۆژ ڕۆژوو ئەگرن، ئەویش لە دوای چلە گـەورەی زستان، چونکە سوڵتان سەهاکی بەرزنجی وای فەرمووەو لـە دوای ئـەو سـێ ڕۆژە جەژنێك ئەگرن کە بە جەژنی سان یا جەژنی ڕۆچـەی مـەڕەنۆی ناسـراوە کـە هـەر کاکەییێك ئەبێ لەو جەژنەدا بەشداری بکا.

کاکەییەکان گەلێ پەرتووکی ئاینییان هەیـە کـە پیرۆزتـرینی ئـەو پەرتووکانـە سـەرئەنجامەو سـەرئەنجام ئەبێتـە شـەش بەشـەوە: دەورەی حەوتەوانـە، بارگـە بارگە، گڵێم وە کۆڵ، دەورەی چل تەن، دەورەی عابدین، وردە سەرئەنجام، جگـە لەم پەرتووکانە گەلێ پەرتووکی تریان هەیە کە لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە بـە یادگار ماوە بە زاراوەی گۆرانی بەهۆنراو هۆنراوەتەوەو ئەو پەرتووکانـەش بـریتین لـە: دەورەی بـالوولی مـاهی، دەورەی بابـە سـەرهەنگ، دەورەی شاخوەشـین، دەورەی بابـەناووس، دەورەی بابەجـەلیل، دەورەی پیرعـالی، دەورەی دامیـار، دەورەی شاوەیس قـولی، دەفتـەری پردیـوەر، دەفتـەری سـاوا، دەفتـەری دیـوان گەورە، زوڵاڵ زوڵاڵ، کەلامی سەی خامۆش، کەلامی عێل بەگی جاف، کەلامی خان ئەڵماس، کەلامی تەیموور، کەلامی شێخ ئەمیر، کـەلامی زولفـەقار، کـەلامی قاسـد، کـەلامی نـەورۆز، کـەلامی حەیـدەری، کـەلامی دەروێـش قـولی، کـەلامی جـەناب، کەلامی موجرم.

## هۆنەرانی کەرکووك

لە کەرکووکدا گـەلێ بوێـژو هۆنـەرو وێـژەوان و مێـژوونووس هەڵکـەوتووە کـە ئەگەر بێت بمانەوێ لە بارەی هەموویانەوە بدوێین ئـەبێ چـەند بـەرگ پـەرتووك و نامیلکە لەبارەیانـەوە بنووسـین و بەداخـەوە زۆربـەی شـوێنەوارەکانی وێـژەییمان دەست بەدەست کەوتوون و لەناوچوون و خۆ ئەگەر چاوێك بەمێژووی کوردسـتاندا بگێڕین ئەبینین کە هەر چەند ساڵ جارێك شەڕو هەراییێکی گـەورە لـە کوردسـتاندا رووی داوەو لەم ماوەدا گەلێ پەرتووك و نامیلکە کە لە هۆنەران و وێژەوانانەوە بە یادگار ماونەتەوە لەناوچوون، وە یا بەتاڵان و بـڕۆ بـراون، وە یـا کەوتوونەتـە بـەر گڕو بڵێسەو هالاوی ئاگری شـەڕو سـووتاون و تەنانـەت گـەلێ قوتابخانـەو فێرگـەو پەرتووکخانەو مزگـەوت سـووتاون و بوونەتـە خۆڵـەمێش و ئـەوەش کـە مابێتـەوە

بەهۆی پیاوە ئاینییەکانەوە پارێزراوە، ئـەوا لێـرەدا سەرگوروشـتەو بەسـەرهات و هـۆنراوەی چـەند هۆنـەرێکی کـەرکووکی ئەخەینـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە کـە هیوادارم کەڵك و سوودی لێ وەرگرن.

## پیر ئەحمەدی کەرکووکی
## ( 476- 563ی کۆچی )

پیر ئەحمەدی کەرکووکی کوڕی نەسروڵڵای شارەزووری لە ساڵی 476ی کۆچی لە شاری کەرکووك پێی ناوەتە ژیانەوە، هەر لە منداڵییەوە خـەریکی خوێنـدن بـووەو ماوەیەك لـەلای بـاوکی ڕێزمـانی عـەرەبی و وێـژەی فارسـی خوێنـدووەو لـە پاشـا بەفەقێیەتی بەزۆربەی شارەکانی هەورامان و شارەزووردا گـەڕاوەو لـە هـەر کوێـدا مەلایێکی بینیوە لەلای وانەی خوێندووەو هـەتا سـەرئەنجام لـەلای مـەلا عەبـدولی شارەزووری خوێندنەکەی تەواو کردووەو گەڕاوەتەوە کەرکووك و پاشماوەی ژیانی بە وانەوتنەوەو ڕێنوێنی خەڵك بردووەتە سەر تا لە سـاڵی 563ی کۆچـیدا کۆچـی دوایی کردووەو لە گەڕەکی موسەڵڵادا نێژراوە.
پــیر ئەحمــەد لــە تــاڤ جوانیــدا لەگــەڵ (زەریٚ خـانمی کـچی قەلەنـدەر بـەگ)دا زەماوەنی کردووەو چوار کوڕی لێ بووە بەناوانی: قانوون بەگ، میرەبـەگ، شـاڵی مــیرزا، دەروێــش کــە دەروێــش و شــاڵی چــوونەتە قەســری شــیرین و ئــیتر نەگەڕاونەتـەوە. قـانوون بـەگیش چـووەتە تەلەعفـەرو لەوێـدا نیـشتەجێ بـووەو نەوەکانی لەوێدا بە بنەماڵەی سەی یونس ناسراون.
پــیر ئەحمــەد لــە هۆنینــەوەی هــۆنراوەدا دەســتێکی بــەرزو بــاڵای هــەبووەو هۆنراوەکـانی گـەلێ تـەڕو پـاراو و ناسـکن و زۆربـەی هۆنراوەکـانی لـە پـەرتووکی سەرئەنجامدا تۆمار کراوەو ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرەمان کە ئەڵێ:

**ئەز ئەحمەدی زێڕین بەرم**
**ئەز ئەو دوڕەی ناو گەوهەرم**
**ئەرض و سەمایە لەنگەرم**

له رۆژ حەساو ئەز لە دەرم
*　　*　　*

ئەز ئەحمەدم بارم گێلاڵن
تاوانم داوە بە خێلاڵن
جەژنم داناوە لە کەیان
لە رۆژ حەساو ئەدەم بەیان
*　　*　　*

ئەز ئەحمەدی ناو بچووکم
هەم نەو زاواو هەم نەو بووکم
زەڕینەڵەی دەستەلووکم
رۆژی حەساو ئەز دەکووکم
*　　*　　*

ئەز ئەحمەدی بیٚ مناڵم
هەم نەو زاواو هەم نەو ماڵم
زەڕێنەلەی ناو دەستماڵم
رۆژی حەساو ئەز دەناڵم
*　　*　　*

ئەز ئەحمەدی ئاو تەشارم
لە ناوی دوڕ گەوهەر بارم
لە هەفتەمین ناوی یارم
رۆژی حەساو ئەز دیارم
*　　*　　*

واتە:
من لە خواناسیدا ئەحمەدی زێڕین بەرم
من ئەو دۆڕەم کە کەوتوومەتە ناو گەوهەر
ئاسمان و زەوی لەنگەری منە
لە رۆژی پەسلاّندا خۆم پیشان ئەدەم

*          *          *

من بەهێزی خوایی ئەحمەدم و بارم گۆڕاوە
تاوانم داوەتە خێڵەکان
جەژنم لە جیهاندا داناوە بۆ شایی خەڵك
و لە رۆژی دواییدا هەموو شتێك روون ئەکەمەوە

*          *          *

من ئەحمەدی بچووك ناوم
هەم تازە زاواو تازە بووکم ئەمن
لە زێڕ دروستکراوی دەستەلووکم
لە رۆژی پەسلاٚندا من ئەکۆکم و خۆم ئاشکرا ئەکەم

*          *          *

من ئەحمەدی بێ ماڵ و بێ منال و هەژارم
هەم تازە زاواو هەم تازە ماڵم
زێڕینەڵەی ناو دەستماڵم
لە رۆژی پەسلاٚندا من هەر ئەناڵم بۆ هاوەلاٚنم

*          *          *

من ئەحمەدی ئاوی تەشارم کە ئاوێکی پاك و پیرۆزە
لە ناوی دوڕو گەوهەردا نۆقم بووم
لە ریزی حەوتەمین ناوی یاردا هاوبەشم
وە لە رۆژی پەسلاٚندا من دەرئەکەوم

*          *          *

## میرزا فەرهادی بیبیانی

(1185- 1247 **کۆچی**)

میرزا فەرهاد کوڕی شاوەیسی بیبیانی لە ساڵی 1185ی کۆچی لە شاری کەرکووکدا لە دایك بووە، هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو پاشان چووەتە سلێمانی و چەند ساڵێك لەوێدا ڕێزمانی عەرەبی و ڕەوانبێژی و پیتۆڵی و شەریعەتی ئیسلامی خوێندووەو لەوێوە بەفەقێیەتی چووەتە بیارە خەریکی خوێندنی لێکدانەوەی قورئان بووە تا ودمی مەلایەتی وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی تەمەنی بەڕێنوێنی خەڵك و وانەوتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی 1247ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

میرزا فەرهاد یەکێ لە هۆنەرانی کوردەو زۆربەی هۆنراوەکانی دڵداری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانین و لە ئەوپەڕی جوانی و پاراوی و شیرینییەوەن و بەداخەوە زۆربەی هۆنراوەکانی لەناو چووەو تەنیا چەند پارچە هەڵبەستێکی بەدەستەوە ماوەو ئەویش لە بەیازەکاندا تۆمار کراوە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەردێڕی کەرکووك هۆنیویەتەوە ئەڵێ:

**شار کوردانەن، شار کوردانەن**
**ها یاران کەرکووك شار کوردانەن**
**شار بیبیانی و شار شوانەن**
**شار ساڵەیی و شار گۆرانەن**
**شار هونەرو هونەرمەندانەن**
**شار مێردان و شار ڕەندانەن**
**شار سوهراب و شار ڕۆستەمەن**
**پەوکە ئاسمانش هەمیشە تەمەن**

خۆزێی بوچکش تاقە جۆبارەن
پەی ماساو نەهەنگ هەمیٚ نەبارەن
مزگت بلاغش جە باوە گوڕگوڕ
ئارامگەن پەریٚ گرد کناچەو کوڕ
منارەی تاوغ، نووز تارکەلاٚن
چەنی گرد چەرمە گردیان نەسەلاٚن
بتەو دارانش هەر نەشکۆفەن
دوشمنانیش هەر نە ئاخ و ئۆفەن
وەنەوشەو شەوبۆش کە غونچە کەرۆ
پەژارەی دەروون بە جاریٚ بەرۆ
مزگت دانیاڵش جوان و قەشەنگەن
کاشییەکانیش هەر یەك چەند رەنگەن
باوە گوڕگوڕش هەمیشە گەشەن
نەفتش دوو جۆرەن چەرمەو رەشەن
خۆ شخەکانش هەر کامش زانان
ئایین ئیسلام پەی گرد کەس وانان
خۆ نە هەر ماڵێك دەنگ ساز مەیۆ
دەنگ چەغانەو هەم ئاواز مەیۆ
با دەنگ سازان بەیۆ نە گۆشم
ئەوسا نەی دنیا دیدە بپۆشم
خۆ پێڵ خاسیٚ کە دروست کریا
ئا نامش جە لای گرد کەسیٚ بریا
بی وە ئاماچگەی گرد راویاران
ویەردن وە سەر ئەو پێڵە یاران
پەریٚ ئەو شارە گرد کۆشش کەردن
فراوان رەنجش هەم چەنی بەردن
کەرکووك رۆشنەن ئاسمان و هەواش

مەشنەوۆ هەر کەس ئاهەنگ و نەواش
کۆك تەنبوورش مەلەرزۆ دڵان
باخ و باخاتش پڕەن جە گوڵان
کۆو کەمەرش پڕ زەڕو زێوەن
دوشمنش وێنەی درنج و دێوەن
مەردانش گردیان یەك یەك دلێرن
نە جەنگ و کاران بەوێنەی شێرن
هۆزانش گردیان ئامادەی شەڕن
جە حەرف شنەوی دوشمنان کەڕن
هۆز شێخ بزێنی و دەلۆ و بیبیانی
ساڵەیی و شووان، جاف، تاڵەبانی
زەنگەنەو کەڵوڕ هەم رۆژبەیانی
دان نە تەپڵ و کۆس بەرەی کەیانی
سوارەو پیادەی هۆز هەمەوەند
گردیان وەجارێ حەق کوردیان سەند
کەرکووك هەمیشە مەبۆ ئاوا بۆ
خەر جاگەش پەرێ بووك و زاوا بۆ
پۆستان و باخش هەر جە پۆ گوڵ بۆ
کۆو کەمەرش پڕ جە سونبوڵ بۆ
هەواش وەش گووار، زەویش پڕ نیگار
نە ساردو نە گەرم هەمیشە وەهار
(فەرهاد) ساوەسەن وەس کەر گوفتگۆ
کەرکووك زێدتەن چەنی دەشت و کۆ
هەر تا زیندەیی هەر خزمەتش کەر
پەنا وە ذات پەروەردگار بەر

واتە:

**شاری کوردەکانە**

**ئەی یاران کەرکووك شاری کوردەکانە**
**شاری بیبیانی و هۆزی شوانە**
**شاری ساڵەیی و شاری گۆرانەکانە**
**شاری هونەرو هونەرمەندانە**
**شاری مێردان و شاری رەندەکانە**
**شاری زۆراب و شاری رۆستەمە**
**بۆیە ئاسمانی هەمیشە تەمومژە**
**خۆ زێی بچووکی تاقە ڕووبارە**
**بۆ ماسی و نەهەنگ هەمیشە لە بارە**
**مزگەوتی بلاغی لە بابە گوڕگوڕدا**
**ئارامگەیە بۆ هەمووی کچ و کوڕان**
**منارەی تاوغ و نووزی ترکەلانی**
**لەگەڵ گردی چەرموو هەموویان لە سەڵادان**
**پتەو دارەکانی هەر لە شکۆفەن**
**دوژمنەکانی هەر لە ئاخ و ئۆفدان**
**وەنەوشەو شەوبۆی ئەگەر غونچە بکاو بپشکێ**
**پەژارەی دڵ و دەروون بەجارێ ئەبا**
**مزگەوت دانیالی پێغەمبەری گەلێ جوانە**
**کاشییەکانی هەر کام لە چەند رەنگانە**
**بابە گوڕگوڕ هەمیشە گەش و روونە**
**نەوتی دوو جۆرە سپی و رەشە**
**خۆ شێخەکانی هەر کامیان زانان**
**ئاینی ئیسلامیان بۆ هەمووی خەڵك شی کردەوە**
**خۆ لە هەر ماڵێکدا دەنگی ساز دێ**
**دەنگی چەغانەو هەم ئاواز دێتە گوێدا**
**با دەنگی ساز بێتە گوێما**
**ئەوسا لەم جیهانە چاو بپۆشم**
**خۆ پردی خاسێی کە دروست کرا**

ناوی لەلای هەموو کەسێکدا برا
بووە ئامانجگەی هەمووی رێبواران
یاران بەسەر ئەو پردەدا تێپەڕین
هەموو بۆ ئەو شارە تێکۆشان
گەلیٚ رەنج و ئەرکیان بۆی برد
ئاسمان و هەوای کەرکووك رۆشنە
هەموو کەسیٚ ئاهەنگ و نەوای ئەبیسیٚ
کۆکی تەنبووری دلاٚن ئەلەرزێنیٚ
باخ و باخاتی لە گولٚ پڕە
کێو و کەمەری بۆ زێڕو زێوە
دوژمنی وەکو درنج و دێو وایە
پیاوەکانی هەموویان یەك یەك نەبەزن
لە شەڕو هەرادا هەروەکوو شێر وانە
هۆزەکانی هەمووی ئامادەی شەڕو هەران
لە بیستنی قسەی دوژمنەکاندا کەڕن
هۆزی شێخ بزێنی و دەلۆ و بیبیانی
سالٚەیی و شوان و جاف و تالٚەبانی
زەنگنەو کەلٚوڕو هەم رۆژبەیانی
دایان لە تەپلٚ و کۆس بەرەی کەیانی
سوارەو پیادەی هۆزی هەمەوەند
هەموویان بەجاریٚ ماڤ کوردەکانیان سەند
کەرکووك هەمیشە ئەبیٚ ئاوابیٚ
هەر جێگەییێکی بۆ بووك و زاوا تەرخان بکریٚ
بێستان و باخی هەر پڕ لە گولٚ بیٚ
کێوو کەمەری پڕ لە هەرالٚەو سونبولٚ بیٚ
هەوای خۆش و زەوی بۆ نەخش و نیگار بیٚ
نە ساردو نە گەرم هەمیشە بەهار بیٚ
(فەرها) دەسا بەسە کەم قسە بکە
کەرکووك زێدی تۆیە لەگەلٚ دەشت و کێویدا

**هەر تا زیندووی هەر خزمەتی پیٚ بکە**
**پەنا بە خوای گەورەو گران ببە**

*　　*　　*

## میرزا شەفیعی جامەریٚزی
## (1190-1252ی کۆچی)

مـیرزا شـەفیع کـوڕی عەباسـی دەلـۆیی لـە سـاڵی 1190ی کۆچـی لـە دێـی جامەریٚزی سەر بە شاری کەرکووکدا لە دایك بـووەو هـەر لـە منداڵییـەوە خـەریکی خویٚنــدن بــووەو لــە پاشــا چــووەتە حــوجرەی فــەقێیان و ریٚزمــانی عــەرەبی و شەریعەتی ئیسلامی خویٚندووەو پاشـان گەڕاوەتـەوە زێـدو مەڵبەندەکـەی خـۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ بردووەتە سەر تا لـە سـاڵی 1252ی کۆچـیدا کۆچی دوایی کردووە.

مـیرزا شـەفیع لـە هۆنینـەوەی هـۆنراوەدا دەسـتێکی بـەرزو بـاڵای هـەبووەو هۆنراوەکانی گەلیٚ تەڕو پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراویٚکی ئەم هونەرە کـە ئەڵیٚ:

**پەی چێش کە لەیلیٚ قەیس نەبیش چەنی**
**تەمەننا نەکەرد وە شەخصیٚ مەنی**
**مەجنوون لۆنگیٚ داشت عەصاو کەشکۆڵی**
**گرتە بی مەکان نە هەردەی چۆڵیٚ**
**لەیلیٚ هەزار کەس تەمەننا کەردش**
**هەر مەواتش: قەیس تا گیان سپەردش**
**قیبلەم نە مەشقان دەفتەرخانەی عەشق**
**نامت وە مەعشووق نەکەران سەرمەشق**
**ئی رەنجە (شەفیع) پەریٚ تۆش بەردەن**
**نەصیحەت خاسەن بەریٚ تۆش کەردەن**

واتە:

**لەبەرچی لەیلا لەگەڵ قەیس نەکەوتنە یەك**

**وە ئارەزووی کەسێکی تری نەکرد**

**مەجنوون لۆنگ و فۆتەو داردەست و کەشکۆڵێکی هەبوو**

**وە لە دەشت و کێوا نوانی گرتبوو، و لەوێدا ئەژیا**

**هەزار کەس بە ئارەزووی لەیلاوە بوو**

**هەر ئەیوت قەیس تا گیانی سپارد**

**ئەی خۆشەویستەکەم لە دەفتەرخانەی ئەویندا**

**ناوت مەکە سەرمەشق بۆ دڵدار**

**ئەم رەنجە (شەفیع) بۆ تۆی بردووە**

**پەند دادانت چاکە کە بۆ تۆی کردووە**

* * *

## سەی وەلی ئاغای کاکەیی

**( 1200- 1294ی کۆچی )**



سەی وەلی کوڕی سەی هەواسی کاکەیی کە بەوەلی گەورە ناسراوە لە ساڵی 1200ی کۆچی لە دێی قەڵخانلووی گەورەی سەر بە شاری دوزدا لە دایك بووە، هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە پاشان چووەتە کەرکووك و لەلای زانایانی ئاینیدا رێزمانی عەرەبی و وێژەی فارسی و رەوانبێژی خوێندووەو لە پاشا گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بە وانەوتنەوە و رێنوێنی خەڵك بردووەتە سەر تا لە ساڵی 1294ی کۆچیدا گیانی بە گیان ئافەرین سپاردووە.

سەی وەلی یەکێ لە هۆنەرانی کوردەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراوو شیرینن و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیاوێکی ئازاو بە جەرگ بووە بەجۆرێ ناوبانگی ئازایی ئەو بە هەموو لایەکدا بڵاو بووەتەوە تا ئەم ناوبانگەی ئەگاتە سولتان عەبدولحەمیدی عوسمانی (1293– 1327ی کۆچی) و ئەویش داوای لێ ئەکا کە سەرێکی لێ بداو ئەوسا سەی وەلیش رۆیشتووەتە لای سولتان و چاوی پێ کەوتووەو ئەویش شمشێرێك و ئەسپێکی کوێتی پێشکەش کردووەو گەڕاوەتەوە، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هونەرەیە کە ئەڵێ:

**ئاخر زەمانەن، ئاخر زەمانەن**

**ماچان لە دنیا ئاخر زەمانەن**

**نە نە ئەی یاران ئینە گومانەن**

مەردوم گۆڕیاگەن دنیا هەمانەن
درۆو دەلەسە فراوان بیەن
مەرد راستگۆو دروستکار نیەن
بەدکاری ئانە هەر زیاد بیەن
راستی و دروستی نە یاد بەرشیەن
(وەلی) چێش ماچی ئاغەم چەمەڕان
گرد وە دەس ئەوەن گەر وەسەر بەران

واتە:
ئەی یاران ئەوا ئاخر زەمانە
ئەڵێن کە جیهان ها لە بڕانەوەدا
نەنە ئەی یاران ئەوە لە شك و گومان دایە
خەڵك گۆڕاون و دنیا هەر وەکوو جارانە
درۆو دەلەسە زۆر بووە
پیاوی راستبێژو دروستکار نەماوە
بەدکار زۆر بووەو
راستی و دروستی لەبیرچووەتەوە
(وەلی) چی ئەڵێی سەرۆکم چاوەڕوانە
هەموو کارێك بەدەستی ئەوە ئەگەرچی ئەم کارەشیان بەسەربەن

*        *        *

## خەلیفە نەزەر گەرمیانی

(1205- 1295ی کۆچی)



خەلیفە نەزەر کوڕی خەلیفە قەیسەری گەرمیانی لە ساڵی 1205ی کۆچی لە شاری کەرکووکدا لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووەو لە تاف جوانیدا چووەتە بەغداو لەوێدا خەریکی فێربوونی رێزمانی عەرەبی و رەوانبێژی و وێژەی عەرەبی بووەو پاشان گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی و بووەتە بەناو گەلێ خانووبەرەی دروست کردووەو وەکو ئەڵێن هەر خانوویێکی کە دروست کردووە لەسەر پارچە بەردێکدا مێژووی دروستکردنی خانووەکەی نووسیوەو لە پاشا خەریکی رێنوێنی خەڵك بووە تا لە ساڵی 1295ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

خەلیفە نەزەر یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراو و ناسکن و دیوانەکەی کە داگری دوو هەزار هۆنراوێك ئەبێ تا ئێستا لە چاپ نەدراوەو ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هونەرە کە ئەڵێ:

**ئاخ جە دەس گومڕا، وای جە دەس ناکەس**
**خودا هەر تۆنی فەرد فەریادڕەس**
**گومڕا کۆر زەینەن ناکەس بەدکارەن**
**هەردوو دوور نەیار هامتای ئەغیارەن**
**(نه ظه ر) پەرێ دۆس دەروون پڕ رێشەن**

هەردوو چەم لێڵاو دایم جە ئێشەن

واتە:
ئاخ لە دەست پیاوی گومڕاو وای لە دەست پیاوی ناکەس
خوایا هەر تۆی کە بە فریای ئادەمیزاد ئەگەی
پیاوی گومڕا کوێر زەینەو ناکەس بەدکارە
هەردوو لە یاد دوورن و هاوتای بێگانەن
(نەزەر) بۆ دۆست و هاوەڵ دڵی بریندارە
چاوانی هەموو دەم پڕ لە فرمێسك و چاوەڕوانی یارە

*        *        *

# مەلا موحەممەدی زەنگنە

## (1230- 1300ی کۆچی)

مەلا موحەممەدی کوڕی یوسفی زەنگنە کە نازناوی رەنجوورییە لە ساڵی 1230ی کۆچی لە شاری کەرکووکدا لە دایك بووە، هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا بە فەقێیەتی گەڕاوەو لەهەر کوێدا مەلاییێکی بینیوە لەلای وانەی خوێندووەو پاشان چووەتە سلێمانی لەوێدا ودمی مەلایەتی وەرگرتووەو ئەوسا گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بە وانە وتنەوەو رێنوێنی خەڵك بردووەتە سەر تا لە ساڵی 1300ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

رەنجووری بە یەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمارو ئەو لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراو و شیرینن و ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە ئەڵێ:

**سرایەت کەردەن فتنەو ئەفسانە**
**عەلامات ظوهوور ئاخر زەمانە**
**شێخان بێ شوعوور غافڵ نە ژکرەن**
**پەی جیفەی دنیا خەیلێ نە فیکرەن**
**عالم وە علم وێش نارافیەن**
**جە مەکرو حیلەو کینە بازیەن**
**خانەقا خەراب جامعان چۆڵەن**
**مەنزڵان وێران هەر خاك و خۆڵەن**
**(رەنجوور) جە دەس گەردوون ذەلیلەن**
**یا رەسوولوڵڵاوە تۆش دەخیلەن**

واتە:

فیتنەو قسەی پڕوپووچ کاری کردووەتە سەر خەڵك
نیشانەی ئاخر زەمان دیاری داوە
شێخان لە بردنی ناوی خوا لایان داوە
بۆ جیفەی دنیا هەر هان لە بیرو تێکۆشینا
زانا لە زانستەکەی خۆی ناڕازییە
خەریکی فڕوفێڵ و گەمەو یارییە
خانەقا ویران بووەو زانستگاکان چۆڵە
ماڵەکان وێران بووەو بووەتە خاك و خۆڵ
(رەنجوور) لە دەستی چەرخی گەردوون بێزارە
ئەی پێغەمبەری خوا هانام بە تۆیە

*          *          *

## پیر وەیس سیابیم

**(1237- 1312ی کۆچی)**



پیروەیس کوڕی موحەممەدی خووبیلە زادە کە نازناوی سیابیمە لە ساڵی 1237ی کۆچی لە شاری کەرکووکدا لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە تافی جوانیدا چووەتە هەورامان و لەوێدا خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و ڕەوانبێژی و وێژەی عەرەبی بووەو لە پاشا ڕۆیشتووەتە ناو لەشکری عوسمانییەوە، بەڵام لە پاش ماوەیەك گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و ئەوسا ماوەیەك لەبەر کوردایەتی خراوەتە زیندان و کە ئازاد کراوە خەریکی ڕێنوێنی خەڵك بووە تا لە ساڵی 1312ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

پیر وەیس یەکێ لە هۆنەرانی کوردەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراو و ناسکن و ئەو لە وێژەو زمانی کوردی و عەرەبیدا شارەزا بووەو هەندێ هۆنراو لە ئەوەوە بەجێماوە کە لە بەیازو کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراوە، ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرەیە کە ئەڵێ:

**یاران ذەلیلەن، یاران ذەلیلەن**
**هەر کەسێ جە یار دوور بۆ ذەلیلەن**
**جە ڕۆی عوقبادا ئەو هەر عەلیلەن**
**دیدار یاریش چون سەلسەبیلەن**

واتە:

**ئەی یاران زەبوونە**
**هەر کەسێك لە یار دوور بێ زارو زەبوونە**

**لە ڕۆژی دواییدا ئەو هەر ڕەنجوورە**
**دیداری یاریش وەکوو جۆگەی بەهەشت وایە**

*         *         *

## دەروێش یەسۆ ساوك
## ( 1251- 1329ی کۆچی )



دەروێش یەسۆ کوڕی جەمال کاکەیی ناسراو بە ساوك لە ساڵی 1251ی کۆچی لە دێی قـەڵخانلووی گەورەی سەر بە شاری کەرکووك لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە تاقی جوانی ڕۆیـشتووەتە کـەرکووك و لـەلای زانایـانی ئاینیـدا خـەریکی خوێنـدنی ڕێزمـانی عـەرەبی و پیتـۆڵی و شـەریعەتی ئیـسلام بـووەو پاشـان چـووەتە کرنـدو خەریکی خوێندن و فێربوونی پەرتووکی سـەرئەنجام بووە، تا بەتەواوی فێری ڕێ و ڕچەی کاکەیی بووەو ئەوسـا گەڕاوەتـەوە زێـدو مەڵبەندەکـەی خـۆی و پاشمـاوەی تەمـەنی بـەکاری کـشتوکاڵ و ماڵاتـداری و ڕێنـوێنی خـەڵك بردووەتـە سـەر تـا لـە سـاڵی 1329ی کۆچـیدا لـە گونـدی عـەلی سـەرای سـەر بـە داقووقـدا گیـانی بـەگیان ئافـەرین سپاردووەو هەر لەوێدا نێژراوە.

دەروێـش یەسـۆ لـە هۆنینـەوەی هـۆنراودا دەسـتێکی بـەرزو بـاڵای هـەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراو و شیرینن و هەندێ لە هۆنراوەکانی لـە بـەیازەکان و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراوەو ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە ئەڵێ:

**ئارۆ یارم دی بەرگ سیا پۆشان**
**پەی ئەندۆ و خەفەت بە توندی جۆشان**
**ڕۆ ڕۆو واوەیلاو زایەڵەو شینش**
**عالەم کەردەن کەڕ صەداو گرینش**

**وە چەنگ و ناهوون مەدۆ جە گۆناش**
**هووناو جاریەن نە سەر تا وە پاش**
**با گرین وەس بۆ پەریێ بەرگ سیاو**
**تاکە پڕ نەبۆ چەمت جە هووناو**
**دەخیل وە گۆش گیر ئی پەندو رایە**
**وردە خاڵانت مەدەر وەضایە**
**(ساوك) وەس ببەر وە تەنگ نازاران**
**کناچان هەرگیز وەفا نەداران**

**واتە:**
**ئەمڕۆ یارم دی کە جلوبەرگی رەشی کردووەتە بەر**
**وە کەوتووەتە ناو خەم و پەژارەوە**
**رۆ رۆو واوەیلاو زایەڵەو شیوەنی**
**دنیا کەڕ کردووە صەداو گرینی**
**بە چنگ و ناخوێن کوڵمەکانی لەت کردووەو**
**خوێناو لە سەرتاپای ئەتکێ**
**ئیتر با گرین و شیوەن بەس بێ ئەی پەری رەشپۆش**
**تا کە چاوەکانت پڕ نەبێ لە خوێناو**
**هانایە ئەم پەندە بگرە گوێ**
**تا وردە خاڵەکانت لەناو نەچێ**
**ئەی (ساوك) بەبیری نازارەکانەوە مەبە**
**چونکە کچەکان هەرگیز ئەمەگیان نییە**
* * *

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی
## (1253- 1328ی کۆچی)



شێخ ڕەزا کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی لە ساڵی 1253ی کۆچیدا لە دێی قرخی سەر بە چەمچەماڵ لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو پاشان چووەتە کەرکووك و لەلای حاجی سەعید حیلمی زادە ڕێزمانی عەرەبی خوێندووەو لەوێوە چووەتە کۆیەو سلێمانی و خەریکی خوێندنی شەریعەتی ئیسلام بووەو ئەوسا ڕۆیشتووەتە ئەستەموول و لە پاشا گەڕاوەتەوە بەغداو پاشماوەی ژیانی بە وانە گوتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی 1328ی کۆچیدا لە بەغدا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی نێژراوە.

شێخ ڕەزا یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردەو ئەو بە چوار زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی هۆنراوەی هۆنیوەتەوە بەتایبەت لە هۆنراوەی داشۆریندا زمانی وەکوو شمشێرێکی بەبڕشت بووەو قسەی نەستەق و زلی کردووە، وەکوو خۆی ئەڵێ: تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زوبان– فەرقی ئەم دوو تێغە هەروەك ئاسمان و ڕێسمان، دیوانەکەی چەندین جار چاپ کراوەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراوو شیرینن، گەرچی ئەو هەندێ هۆنراوی داشۆرینی هۆنیوەتەوە، بەڵام ئەو لە هۆنراوی ستایش و پیاهەڵدانیشدا بێ وێنە بووەو بیرێکی نازکی بووە بەتایبەت لە هۆنراوە فارسییەکانیدا کەمتر هۆنەرێك توانیویە وەکو ئەو هۆنراو بهۆنێتەوە، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەوە کە ئەڵێ:

**ئەم سادە روخانە لە مەلاحەت کە نەمامن**
**دەورەت دەدەن و تەفرە مەخۆ، قەت مەڵێ رامن**
**گەه دۆستی وەفادارن و گەه دوژمنی خونخوار**

**دڵنەرمی دەکەن گاھ و گەهێ سەخت کەلامن**
**عاجز مەبە نەك بۆ تۆ، وەفایان نییە بۆ کەس**
**مەعلوومە کە ئەم تاقمە وەك تاسی حەمامن**

## مەلا سەمەد پیر وەیس
## (1259- 1335ی کۆچی)



مەلا سەمەد کوڕی پیر وەیسی کاکەیی لە ساڵی 1259ی کۆچی لە شاری کەرکووکدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا چووەتە داقووق و لەلای زانایانی ئاینیدا خەریکی فێربوونی ڕێزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان بووەو لەوێوە چووەتە کفری و سلێمانی و مووسڵ و لەهەر کوێدا مەلاییێکی بینیوە لەلای خوێندوویەتی تا ودمی مەلایەتی وەرگرتووەو سەرێکیشی داوە لە کرندو کرماشان و سەحنەو تاران و لەو شارانەشدا وێژەی فارسی خوێندووەو ئەوسا گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنی خەڵك بردووەتە سەر تا لە ساڵی 1335ی کۆچیدا لە شاری کرند کۆچی دوایی کردووەو لەوێدا نێژراوە.

مەلا سەمەد یەکێ لە هۆنەرانی کوردەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو ناسك و شیرینن و زۆربەی هۆنراوەکانی لە بەیازو کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراوەو دیوانەکەشی کە نزیکەی هەزار هۆنراوێك ئەبێ هێشتا لە چاپ نەدراوە، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەیە کە ئەڵێ:

**چەمەڕای یارم، چەمەڕای یارم**
**یاران، یاوەران چەمەڕای یارم**
**ئەو یار وەشبۆ کە هاتە دیارم**
**دڵم ڕۆشن کەرد سۆچنا دەمارم**
**پەوکە من ئیسانەی جا مەگێڵم**

چونکە جەو ساوە ڕۆشنەن زێڵم
ئیتر مەکۆشم پەرێ ڕۆی پەسین
هەتا گردمان بەیار بڕەسین
واتە:
چاوەڕوانی یارم
ئەی یاران، ئەی یاوەران من چاوەڕوانی یارەکەمم
ئەو یارە بۆنخۆشە کە هاتە دیارم
دڵمی ڕوون کردەوە بەجۆرێ کە ڕەگەکانم سووتا
بۆیە من ئێستا لێرەدا ئەگەڕم
چونکە لەو ساتەوە دڵم ڕوون بووە
ئیتر بۆ ڕۆژی پەسڵان تێ ئەکۆشم
هەتا هەموومان بە یار بگەین

*   *   *

## سەی وەڵەد ئەفەندی

**(1270 - 1337ی کۆچی)**



سەی وەڵەد کوڕی سەی موحەممەدی کاکەیی لە ساڵی 1270ی کۆچی لە شاری کەرکووکدا لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا رۆیشتووەتە کفری و لەلای زانایانی ئاینیدا خەریکی فێربوونی رێزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام و وێژەی فارسی و عەرەبی بووەو لە پاشا گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەك چووە ناو لەشکەرو بووە ئەفسەرو ئەوسا گەڕایەوە زێدەکەی و خەریکی وەرزێری و ماڵاتداری بوو تا لە ساڵی 1337ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی ئیمام ئەحمەددا نێژراوە.

سەی وەڵەد لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرزو باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ ناسك و تەڕو پاراو و شیرینن و زۆربەی لە کەشکۆڵ و بەیازەکاندا تۆمار کراوە، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە ئەڵێ:

**ئەی یاران هانا راست و راستگۆ بن**
**گردتان چەنی هەم نە یەکجا کۆ بن**
**هیچکا نەترسن جە سەرماو گەرما**
**چونکە پادشام ئی حەرفە وارما**

واتە:

**ئەی یاران هانا کە راست و راست بێژ بن**
**هەمووتان لەگەڵ یەکدا کۆبنەوە**
**هیچکاتێ لە سەرماو گەرما مەترسن**
**چونکە خوام وای فەرمووە**

## سەی خەلیل ئاغا
**( 1276-1352ی کۆچی )**



سەی خەلیل ئاغا کوڕی سەی موحەممەدی کاکەیی لە ساڵی 1276ی کۆچیدا لە شاری کەرکووك هاتووەتە جیهانەوەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو پاشان چووەتە داقووق و لەلای زانایانی ئاینیدا خەریکی فێربوونی رێزمانی عەرەبی و وێژەی فارسی بووەو ئەوسا گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی و پاشماوەی ژیانی بە کشتوکاڵ و ماڵاتداری بردووەتە سەر تا لە ساڵی 1352ی کۆچیدا گیانی بە گیان ئافەرین سپاردووەو لە گۆڕستانی ئیمام ئەحمەددا نێژراوە.

سەی خەلیل لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراو و شیرینن و پتر لە بەیازەکان و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەو کە ئەڵێ:

**راستەن مەواچان کە کورد هەر گوردەن**
**چە پەیکارو کار باریك و وردەن**
**کورد هەر ئەو کوردەن ترسش هیچ نییەن**
**سروستش یاران هەر وەها بیەن**
**چەنی دوشمنان هەر نە پەیکارەن**

وەرزارو پاڵەش نە ئەرگ و کارەن

واتە:
راستە کە ئەڵێن کورد هەر پاڵەوانە
لە شەڕو کاردا باریك و وردە
کورد هەر ئەو کوردەیە کە ترسی هیچ نییە
ئەی یاران سروشتی هەروەها بووە
لەگەڵ دوژمناندا هەر لە شەڕدایە
وەرزێرو کرێکاریش لە کارو تێکۆشانە

*   *   *

## چۆپان یەسۆ ساوك

**(1279- 1345ی کۆچی)**



چۆپان کوڕی یەسۆساوك لە ساڵی 1279ی کۆچیدا لە گوندی قەڵخانلووی گەورەی سەر بە شاری کەرکووکدا لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا چووەتە کفری و لەلای زانایانی ئاینیدا رێزمانی عەرەبی و وێژەی فارسی خوێندووەو پاشان گەڕاوەتەوە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بە کشتوکاڵ و ماڵاتدارییەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی 1345ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووەو نێژراوە.

چۆپان یەکێ لە هۆنەرانی کوردەو هۆنراوەکانی گەلێ ناسك و پاراو و شیرینن و زۆربەی هۆنراوەکانی لە کەشکۆڵ و بەیازەکاندا تۆمار کراوەو ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە ئەڵێ:

**ئەمشەو جە خاودا، ئەمشەو جە خاودا**
**ئەمشەو دیم شیرین جە شیرین خاودا**
**قرمز بێ گۆناش، لێوش بێ ئاڵین**
**دەم وە خەنەوە ئاما وە باڵین**
**واتم بۆ بە مێهر زولف سیا مارت**
**پەرێ ئەو دیدەی مەست و خومارت**

مێهر ماچۆ: ماچت دەرمانش پێوە
ماچێ ببەخشە جەو شیرین لێوە
ئاما وە جەواب ئەو ماڵ وێرانە
وات هەتیم پەی ماچ مەبە دێوانە
ماچێ ببەخشەو دەست جە گەردن کەر
لێو و گۆناو خاڵ یەك یەك ماچ بکەر
جە ناز دڵبەر هەم جە شڵپەی ماچ
ئامام وە خەوەر نە ماچ بێ نەواچ
یە (چۆپان) واتەن مێهر وەسۆزەوە
عاشق و مەعشووق وە دڵسۆزەوە

واتە:
ئەمشەو لە خەودا
ئەمشەو شیرینم لە خەوی شیریندا چاو پێ کەوت
گۆنای سوور هەڵگەڕابوو، لێوەکانی ئاڵ بوون
بەپێکەنینەوە هاتە سەر جێکەی
وتم وەرە بەخۆشەویستی زوڵفی رەش مارت
بۆ ئەو چاوانی مەست و خەواڵووت
مێهر ئەڵێ: ماچت دەرمانی پێوەیە
ماچێ ببەخشە لەو لێوە شیرینتە
ئەو ماڵوێرانە هاتە وەڵام و
وتی: هەتیو بۆ ماچێك خۆت شێت مەکە
ماچێ ببەخشەو دەست بکە ملما
لێو و گۆناو خاڵ یەك یەك ماچ بکە
لە نازی دڵبەرو هەم لە شڵپەی ماچ
وریا بوومەوەو نە ماچ بوو، نە دڵبەر
ئەمە (چۆپان) وتوویە بەخۆشەویستی و سۆزەوە

دڵبراو و دڵدار بە دڵسۆزییەوە

*          *          *

## مەلا فەتۆش

**(1283 - 1339ی کۆچی)**



فەتحوڵڵای کوڕی حەوێشی کاکەیی ناسراو بە مەلا فەتۆش لە ساڵی 1283ی کۆچی لە کەرکووکدا لە دایک بووەو هەر لە منداڵییەوە لەلای مام پیرۆەیس خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا لەلای زانایانی ئاینیدا خەریکی فێربوونی ڕێزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام و وێژەی فارسی بووەو پاشان چووەتە لای باوکی و خەریکی دارتاشی بووەو ئەوسا چووەتە داقووق و پاشماوەی ژیانی بەکاری سەپانی و جوتیاری و ڕێنوێنی خەڵك بردووەتە سەر تا لە ساڵی 1339ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی لە گۆڕستانی موسەڵڵای شاری کەرکووکدا نێژراوە.

مەلا فەتۆش یەکێ لە هۆنەرانی کوردەو هۆنراوەکانی لە ئەوپەڕی جوانی و تەڕو پاراوی و شیرینییەوەن و زۆربەی هۆنراوەکانی لە بەیازەکان و کەشکۆڵەکاندا تۆمارکراوە، ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرەیە کە ئەڵێ:

**موطرب ئەز فیدای سازو سەمتوورت**
**فیدای شمشاڵ و کۆکی تەمبوورت**
**هانا موغەنی بە نەغمەی وەش وەش**
**پەروانەی دەروون بکەرە سەر وەش**

**خەیلێوەن دڵم ئارەزووی یارەن**
**جەو بۆنە بەندەت ذەلیل و زارەن**
**دەخیل مەواچە (فەتۆش) ئەختیارەن**
**هەر چەندە پیرم دڵ هەرزەکارەن**

واتە:
**ئەی چاوێژ بە قوربانی سازو سەمتوورت بم**
**بە قوربانی شمشاڵ و کۆکی تەمبوورەکەت بم**
**هانا ئەی گۆرانیبێژ، بەنەوای خۆش خۆش**
**پەروانەی دڵم سەرخۆش بکە**
**ماوەیەکە کە دڵ بە ئارەزووی یارە**
**بۆیە ئەم بەندەیەت زەبوون و بێچارەیە**
**هانا کە مەڵێ، (فەتۆش) پیر بووە**
**هەر چەندە پیرم، بەڵام دڵ هەر هەرزەکارە**

*          *          *

## مەلا فلاّمەرز مام وەلی

## (1285- 1391ی كۆچی)



مەلا فلاّمەرز كوڕی مام وەلی كاكەیی لە ساڵی 1285ی كۆچی لە چەمچەماڵی سەر بە شاری كەركوك لە دایك بووەو لە تاڤ جوانیدا دەستی كردووەتە خوێندن و ماوەیێك ڕێزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلامی خوێندووەو ئەوسا بووەتە دەروێش و دەستی كردووەتە خواپەرستی و شار بە شار گەڕاوەو گەلێ سروودو هۆنراوی ئاینی لەبەر كردووەو هەتا خۆیشی دەستی كردووەتە هۆنراو هۆنینەوەو بەم جۆرە ژیاوە هەتا لە ساڵی 1391ی كۆچیدا لە شاری كەركوك كۆچی دوایی كردووەو لە گۆڕستانی حەواشەكاندا بەخاك سپێرراوە.

مەلا فلاّمەرز لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێكی بالاّی هەبووەو هۆنراوەكانی گەلێ جوان و شیرین و پاراون و پتر لە بەیازو كەشكۆڵەكاندا تۆمار كراون، ئەمەش چەند هۆنراوێكی ئەم هۆنەرەیە كە ئەڵێ:

**شەهدەن، شەككەرەن راگەی شەریعەت**
**شیرینەن، وەشەن راگەی طە ریقەت**
**عیلمەن، عیرفانەن راگەی مەعریفەت**

**دەریای بیٚ بنەن راگەی حەقیقەت**

واتە:

**هەنگوین و شەکەرە ریٚگەی شەریعەت**

**شیرین و خۆشە ریٚگەی تەریقەت**

**زانست و خواناسییە ریٚگای مەعریفەت**

**دەریای بیٚ بنە ریٚگەی حەقیقەت**

ریٚ و رچەی کاکەیی لەسەر ئەم چوار قۆناخە دانراوە: شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت، حەقیقەت کە هەر کەسیٚك ئەم چوار قۆناخە ببڕیٚ و بە پلەو پایەی حەقیقەت بگا بەخوای گەورەو گران ئەگاو لە هەموو گوناهیٚك پاك ئەبیٚتەوەو بەیاری راستەقینەی ئەگا.

*          *          *

## مەلا زەینەڵ حەوێش

**( 1286- 1342ی کۆچی )**



مەلا زەینەڵ کوڕی حەوێشی کاکەیی لە ساڵی 1286ی کۆچی لە شاری کەرکووکدا لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا ڕێزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام و وێژەی فارسی لەلای مەلاکان خوێندووەو لە پاش مەرگی باوکی چووەتە دوکانەکەی و خەریکی دارتاشی بووەو لە پاشا ڕۆیشتووەتە دێی تەرجیل و خەریکی کشتوکاڵ و ماڵاتداری بووە هەتا لە ساڵی 1342ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی موسەڵڵای شاری کەرکووکدا نێژراوە.

مەلا زەینەڵ لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرزو باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراو و شیرینن و دیوانەکەی کە داگری دوو هەزار هۆنراوێك ئەبێ بەداخەوە هێشتا لە چاپ نەدراوە، ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرەیە کە ئەڵێ:

**ئی ساڵ وەهارمان شادیش وە لاوەن**
**دەشت و کۆ و سارا بە گوڵ رازاوەن**
**پەی کەیف و صەفای بڕبڕ یاوەران**
**پەرێ سەوزایی پەنا ماوەران**
**مەو وە سەیرانگا وەشتر جە شایی**


کوڕەو کناچە مەکەران کایی
مەکەران سەما چەنی هەڵپەڕکیٚ
هەر گا سەرچۆپی مەدان وە یەکیٚ
دەنگ گۆرانی پەی باڵا بەرزان
هەی بەلار بەلار شۆخ لەنجە لەرزان
پیر چەنی جووان مەکەران سەرمەس
یاران چەنی یەك مەنیشان سەربەس
(زەینەڵ) بە شادی بکەر تەماشا
جە غەم و خەفەت بکەر صەد حاشا

واتە:
ئەمساڵ بەهارمان شادی و خۆشی پێوەیە
دەشت و کێو بە گوڵ رازاوەتەوە
یاران لە بۆ شادی و خۆشی هەموویان
پەنا ئەبەنە ناو سەوزایەکان
دێنە سەیرانگا بە شایی و خۆشییەوە
کوڕو کچ لەگەڵ یەکا یاری ئەکەن
بە هەڵپەڕکیٚ لەگەڵ یەکا سەما ئەکەن
جاروبار سەرچۆپییەکە ئەدەنە یەکتر
دەنگی گۆرانی بۆ باڵا بەرزەکان
هەی بەلار بەلاری شۆخ و لەنجە لارەکان
پیر لەگەڵ جوانا سەرمەست ئەکەن
یاران بەیەکەوە بە سەربەستی دائەنیشن
ئەی (زەینەڵ) بەخۆش و شادی تەماشا بکە
لەهەرچی خەم و پەژارەیە هەر حاشا بکە

*        *        *

## هیجری دەدە

**( 1297- 1372ی کۆچی )**



مەحموود کوڕی پیر عەلی کاکەیی ناسراو بە هیجری دەدە لە ساڵی 1297ی کۆچیدا لە شاری کەرکوک لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا لەلای مەلا موحەممەد ئەفەندیدا خەریکی فێربوونی رێزمانی عەرەبی بووەو ئەوسا لەلای مەلا عەلی کەرکووکی فێری وێژەی عەرەب بووەو رێ و ڕچەی کاکەییشی لەلای پیر فەتحوڵڵا خوێندووەو پاشان لەکاری دەوڵەتیدا دامەزراوەو ماوەیێك لە قوتابخانەی سوڵتانیەدا خەریکی وانە وتنەوە بووەو لە پاشا بووەتە بەڕێوەبەری گۆڤاری کەرکووك و خەریکی رۆژنامەگەری بووەو سەرئەنجام لە ساڵی 1372ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی ئەبو عولوکدا نێژراوە.

هیجری دەدە یەکێ لە هۆنەران و وێژەوانانی هەرە بەرزی کوردەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراو و شیرینن و دیوانەکەی کە نزیکەی دوو هەزار هۆنراوێك ئەبێ هێشتا لە چاپ نەدراوەو پەرتووکێکیشی سەبارەت بە مێژووی سلێمانی بەهۆنراوی فارسی هۆنیوەتەوەو ناوی ناوە: تحفەء سلێمانییە کە لە چاپ دراوە. ئەو هۆنراوی تورکی و فارسیشی هۆنیوەتەوەو تەنانەت لە شینی پیرەمێردیشدا پارچە هەڵبەستێکی بە هەورامی هۆنیوەتەوە. ئەمەش پارچە

هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە ئەڵێ:
**دانش گەنجێوەن چون قەن شیرینەن**
**سارێشکەرەوەی زام و برینەن**
**یاران جە دانیش گرد بەهرەوەر بن**
**نەکا جە وەشی ژیان بێوەر بن**
واتە:
**زانست گەنجێکە کە وەکو قەند شیرینە**
**ساڕێژکەرەوەی زام و برینە**
**ئەی یاران هەمووتان لە زانست بەهرەوەر بن**
**نەکا لە خۆشی ژیان بێبەر بن**

*          *          *

# خەلیل منەوەر

## (1298- 1343ی کۆچی)



خەلیل کوڕی خدر منەوەری کاکەیی لە ساڵی 1298ی کۆچیدا لە کەرکووك لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا لەلای زانایانی ئاینیدا خەریکی فێربوونی ڕێزمانی عەرەبی و وێژەی فارسی بووەو لەبەرئەوەی دایك و باوکی مردووە بێ ناز کەوتووەو ئیتر خەریکی کارو مزیاری بووە تا لە ساڵی 1343ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووەو نێژراوە.

ئەم هۆنەرەمان لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرزو باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراو و شیرینن و لە تەنبوور لێدانیشدا مامۆستا بووە، ئەو لەماوەی ژیانیا لە بەرابەری عوسمانییەکان و ئینگلیزەکانەوە راوەستاوەو زۆرجار بەهۆنراو هێرشی بردووەتە سەریان و هەموو دەم لایەنگری چەوساوەکان و لێقەوماوەکان بووە، بۆیە ئەویان بەهۆنەری چەوساوەکان داوەتە قەڵەم. دیوانەکەی لەم دوایەدا چاپ و بڵابووەتەوەو ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە ئەڵێ:

**کناچەی کوردەن خاوەن خەت و خاڵ**
**دەم نوقڵ و نەوات دوو لیمۆشەن کاڵ**
**پەروەردەی وڵکەی نام کوردستانەن**

پەپوولەی ناسك نە كۆسارانەن
پرچش لوول و خام چەنی زوڵفانش
پەخش وەردەن چون حەی وە بان مەمانش
(خەلیل) چێش ماچی یارم پەرییەن
جەی تەعریفاتە ئەو هەر بەرییەن
واتە:
كچی كوردە كە خاوەن خەت و خاڵە
دەم نوقڵ و نەوات دوو لیمۆی كاڵی هەیە
پەروەردەی وڵاتی كوردستانە
پەپوولەی ناسكی هەردو كۆسارانە
پرچی لوول و خاوە لەگەڵ زولفەكانی
بڵابووەتەوە وەكوو مار بەسەر مەمەكانیا
(خەلیل) تۆچی ئەڵێی یارم پەرییە
لەم پیا هەڵگوتنەدا ئەو ئازادە

* * *

## خدر لوتفی ئەفەندی

**(1300- 1379ی کۆچی)**

خدر کوڕی لوتفی ئەفەندی لە سالّی 1300ی کۆچی لە شاری کەرکوکدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو پاشان لەلای زانایانی ئاینیدا خەریکی فێربوونی رێزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام بووەو ئەوسا چووەتە ناو لەشکری عوسمانی هەتا بووە بە ئەفسەرو لە پاشا بە پلەو پایەی یووزباشی گەیشتووەو ئەوسا گەڕاوەتەوە شاری کەرکووك و خەریکی وانە وتنەوە بووە تا لە سالّی 1379ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

خدر لوتفی بەیەکێ لە هۆنەران و بوێژانی کەرکووك دێتە ژمارو ئەو چەند پەرتووك و نامیلکەی بە زمانی تورکی نووسیوە کە بریتین لە: قەبرستان زیارەتی kebrstan zyareti: دینی گۆڕستان، حیاتدە ئیدارە heyatde idare: ژیانی ئیدارە، فضولی البغدادی beqdadi fzulil: فزوولی بەغدایی، هەروەها گەلێ هۆنراویشی بەزمانی کوردی و تورکی هۆنیوەتەوە کە زۆر تەڕو پاراون، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە ئەڵێ:

**یاران هەر کەسێ کە زەمین دارۆ**
**مەبۆ زەمینش پەی وێش بکارۆ**
**جەو دوما ئەگەر باران ببارۆ**
**بێ گومان بەهرە مەبەرۆ ئارۆ**

واتە:

ئەی یاران هەر کەسێك کە زەوی و زاری هەیە
ئەبێ ئەو زەوییەی بۆ خۆی بکێڵێ
پاشان ئەگەر باران بباریێ
بێ گومان ئەوڕۆ بەهرەی کارەکەی ئەبا
*　　*　　*

## مەلا عەباس حیلمی

**( 1302- 1386ی کۆچی )**

مەلا عەباس کوڕی سەی وەلەدی حیلمی لە ساڵی 1302ی کۆچی لە شاری کەرکووکدا هاتووەتە جیهانەوەو لە تەمەنی چوار ساڵیدا باوکی ئەمرێ و خاڵۆی سلێمانی پەلکەزێڕین ئەیباتە لای خۆی بۆ مووسڵ و ئەویش هەر لە منداڵییەوە لەوێدا خەریکی خوێندن ئەبێ و لە تاف جوانیدا ئەگەڕێتەوە کەرکووك و لەلای مەلا زەینەڵ فێری رێزمانی عەرەبی و وێژەی فارسی ئەبێ و پاشان چووەتە خانەقین و لەلای زانایانی ئاینیدا شەریعەتی ئیسلام و پیتۆڵی خوێندووەو ئەوسا خەریکی کشتوکاڵ و ماڵاتداری ئەبێ و لە پاشا خەریکی وانە وتنەوەو رێنوێنی خەڵك ئەبێ تا لە ساڵی 1386ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووەو هەر لەوێدا نێژراوە.

مەلا عەباس یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردەو لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرزو باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراو و شیرینن و ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرەمان کە ئەڵێ:

**حاجی گیان مەوزوون، حاجی گیان مەوزوون**
**وەشەو یاوا پێم نامەی وەش مەوزوون**
**وانام سەراسەر وەبێ چەندو چوون**
**ئاوێنەی دڵم پڕ بی جە ئاڵتوون**
**وە دەس حرص و نەفس بیەنان زەبوون**
**کەی نەجات مەوین جەی رای دنیای دوون**
**فەرهاد رەنجش دا جە کۆی بێستوون**

**ئاخرش وێش کەرد غەڵطان چەنی هوون**
**جە عەشق شیرین وێش کەرد سەرنگوون**
**نەیاوا وە کام جە ئی دنیای دوون**

واتە:
**ئەی حاجی گیان نامە جوانەکەت**
**ئەمشەو گەیشتە دەستم**
**خوێندمەوە سەراسەر بەبێ چەندو چۆن**
**ئاوێنەی دڵم پڕی بوو لە خۆشەویستی**
**بەدەستی ئازو تەماوە زەبوون بووم**
**نازانم کەی رزگارمان ئەبێ لەم جیهانە خراپەدا**
**فەرهاد لە کێوی بێستووندا رەنجی برد**
**سەرئەنجام خۆی خەڵتانی خوێن کرد**
**لە ئەوینی شیریندا خۆی لەناوبرد**
**بە کام نەگەیشت لەم دنیا خراپەدا**

*　　*　　*

## فەقێ حەمەی کاکەیی

(1306- 1381ی کۆچی)



فەقێ حەمە کوڕی حەیدەری کاکەیی لە ساڵی 1306ی کۆچی لە دێی عەلی سەرای سەر بە شاری داقووقدا لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە لەلای مەلا عەباسی حیلمی خەریکی خوێندن بووەو پاشان لەلای پیاوانی ئاینیدا خەریکی فێربوونی ڕێزمانی عەرەبی و شەریعەتی ئیسلام بووەو ئەوسا پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و ماڵاتداری بردووەتە سەر تا لە ساڵی 1381ی کۆچیدا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووەو لە گۆڕستانی حەواشەکاندا بەخاك سپێردراوە.

فەقێ حەمە یەکێ لە هۆنەرانی کوردەو هۆنراوەکانی گەلێ جوان و شیرین و تەڕو پاراون و زۆربەیان لە بەیازەکان و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەو کە ئەڵێ:

**برا گیان حەیات، برا گیان حەیات**  
**یاوا پێم نامەت چون ئاو حەیات**  
**ئەحیام کەرد زیندە نە رووی سەربسات**  
**وانام سەرتاپا وە کەیف و نشات**  
**خودای بان سەر مەکەرۆت خەڵات**

لایقەن وە نەت ئی بەش و بەرات

واتە:

برا گیان حەیات
نامەکەت کە وەکو ئاوی ژیان وابوو گەیشتە دەستم
منی بووژانەوە لە رووی سەربسات
خوێندمەوەو بەجارێ کەوتمە ناو خۆشی و شایی
خوای بانی سەر هەر خۆشت بکا
وە خوا پاداشت و بەراتت بداتەوە

* * *

## موحەممەد چۆپان

**( 1310- 1355ی کۆچی )**



موحەممەد کوڕی چۆپان ناسراو بە کەساس لە ساڵی 1310ی کۆچی لە دێی زەنقری سەر بە داقووق لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو پاشان چووەتە شاری کەرکووك و لەلای زانایانی ئاینیدا فێری ڕێزمانی عەرەبی و وێژەی فارسی بووەو لە پاشا خوێندنگاییێك دەکاتەوەو دەست ئەکاتە وانە وتنەوە بە منداڵان و پاشان بووەتە پۆستەچی هەتا لە ساڵی 1355ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپاردووەو لەوێدا نێژراوە.

کەساس یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردەو هۆنراوەکانی گەلێ تەڕو پاراو و ناسکن و زۆربەیان لە بەیازەکان و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەو کە ئەڵێ:

**یاران مزگانی وەهار ئاماوە**
**سەردی زمستان یەکسەر ڕەمیاوە**
**لەشکەر زەلان ها وەسەر پاوە**
**لەشکەر شەماڵ پەی شەڕ وێساوە**
**وای شەماڵ مەیۆ جە گردین لاوە**

وەنەوشەو سۆسەن جە کۆ بڵاوە
جە گڕەی نەورۆز وەفران کەردش رەم
جە هەردەو کۆسار گوڵان دانش دەم
یە (کەساس) واتەن مزگان مزگانەن
نەورۆز جە قەدیم جەژن کوردانەن

واتە:
ئەی یاران مژدە کە بەهار هاتەوە
ساردی زستان یەکسەر لەناوچوو
لەشکەری زەلان بەسەر پێوە راوەستاوە
بای شەماڵ بۆ شەڕ ئامادە بووە
بای شەماڵ لە گشت لاییێکەوە دێ
بەنەوشەو سۆسەن لە کێودا بڵاوە
لە گڕەی نەورۆز بەفرەکان رەمیان کرد و بوونە ئاو
گوڵەکان لە هەردو کۆساردا رووان
ئەمە (کەساس) وتوویەتی کە رۆژی مزگێنییە
نەورۆز هەر لە مێژەوە جەژنی کوردەکانە

*　　*　　*

## کوێخا هەیاسی کاکەیی

**(1313- 1389ی کۆچی)**

کوێخا هەیاس کوڕی زایەری زەنگنە لە ساڵی 1313ی کۆچیدا لە دێی عەلی سەرای سەر بە کەرکووك لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا چووەتە کەرکووك و لەلای پیاوانی ئاینی خەریکی فێربوونی رێزمانی عەرەبی و وێژەی فارسی بووەو پاشان چەند دێی ئاوا کردووەتەوەو خزمەکانی خۆی تیا نیشتەجێ کردووەو خۆی بووەتە کوێخایان و ئەوسا خەریکی کشتوکاڵ و ماڵتداری بووە تا لە ساڵی 1389ی کۆچی لە دێی زەنقردا کۆچی دوایی کردووەو هەر لەوێدا نێژراوە.

کوێخا هەیاس لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرزو باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ ناسك و پاراو و شیرینن، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە ئەڵێ:

**هانا ها یاران گردتان خاس بن**
**چەنی هەم خاسی بکەن و راس بن**
**نە رای راستی گامتان وەردارن**
**ئەگەر وە راستی ئێوە دیندارن**
**نەکا کە وە رای هەڵەتدا بچن**
**گرد پێتان واچن ئەمانە کەچن**
**((هەیاس)) چێش ماچی کورد هەر راس وێژەن**

کەسیٚ راس نەبۆ دیارە هەر بیٚژەن

واتە:
هانا ئەی یاران هەمووتان باش بن
لەگەڵ یەکا چاکە کەن و دروستکار بن
هەر لە ریٚی راستیدا هەنگاو هەڵگرن
ئەگەر بەڕاستی ئیٚوە خاوەن بڕوان
نەکا کە بە ڕیٚی خراپدا بڕۆن
هەموو پیٚتان بڵیٚن ئەمانە چەوتن
ئەی (هەیاس) چی ئەڵیٚی کورد هەر راستبیٚژە
کەسیٚك راست نەبیٚ دیارە تۆمی باوکی نییە

* * *

## رۆستەمی کاکەیی

(1315- 1350ی کۆچی)

رۆستەم کوڕی یادگاری کاکەیی لە ساڵی 1315ی کۆچیدا لە دێی (شۆراو)ی سەر بە دووزخورماتوو لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە تاقی جوانیدا لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیدا دژی ئینگلیزەکان راوەستاوەو بووەتە سەرۆکی دەستەییێك لەلاوان و سەرئەنجام لە ساڵی 1350ی کۆچیدا لە دێی دەلسی گەورە کوژراوەو لە گۆڕستانی حەواشەکاندا نێژراوە.

رۆستەم لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرزو باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ ناسك و شیرینن، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەمان کە ئەڵێ:

**سەروەش و مەستم، سەروەش و مەستم**

**هانا ئەی یاران سەروەش و مەستم**

**رەحمێ کەن پەرێم بگێرن دەستم**

**مەست بادەکەی رۆژ ئەلەستم**

واتە:

**من سەرخۆش و مەستم**

**هانا ئەی یاران من سەرخۆش و مەست بووم**

**مەستی بادەکەی رۆژی بەرینم**

**بەزەییتان پێما بیٚ و دەستم بگرن**

*　　*　　*

## سەی سابری کاکەیی

**( 1327- 1398ی کۆچی )**

سەی سابر کوڕی سەی حەموودی کاکەیی لە ساڵی 1327ی کۆچی لە دێی عەلی سەرای سەر بە داقووقدا لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە، پاشان چووەتە کەرکووك و لەلای زانایانی ئاینیدا خەریکی فێربوونی ڕێزمانی عەرەبی و قورئان بووەو ماوەیەکیش لەلای مەلا عەباس حیلمی شەریعەتی ئیسلامی خوێندووەو لە پاشا خەریکی کارو مزیاری بووە، پاشماوەی ژیانی بە وانە وتنەوەو ڕێنوێنی خەڵك بردووەتە سەر تا لە ساڵی 1398ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی حەواشەکاندا نێژراوە.

سەی سابر لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا دەستێکی بەرزو باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلیٚ ناسك و پاراو و شیرینن، ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرەمان کە ئەڵیٚ:

**وە فیدای نام وەش و جوانت بم**<br>
**وە تاریخ مەندەی گوفتارانت بم**<br>
**فیدای هاتوچۆی نام یارانت بم**<br>
**گشت وە ئنتظار دیدارانت بم**<br>
**وە فیدای گەردش نام شارانت بم**<br>
**بە وێنەی حاتەم نامدارانت بم**

واتە:

**بەقوربانی ناوی خۆش و جوانت بم**
**بە مێژووی ماوەی قسەکانت بم**
**بەقوربانی هاتوچۆی ناوی یارەکانت بم**
**هەمووی بۆ چاوەڕوانی دیدارت بم**
**بەقوربانی گەڕانی ناوی شارانت بم**
**هەروەکوو حاتەم بە قوربانی پیاوە ناودارەکانت بم**

## دەروێش وەلی کاکەیی

## (1328- 1395ی کۆچی)

دەروێش وەلی کوڕی قۆجەی کاکەیی لە ساڵی 1328ی کۆچیدا لە دێی عەرەب کۆیی سەر بە شاری کەرکووک لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو پاشان لەلای سەی بورهان ڕێزمانی عەرەبی خوێندووەو لە پاشا خەریکی کارو مزیاری بووەو ئەوسا بووەتە دەروێش و بە دێکان و شارەکاندا گەڕاوە هەتا لە ساڵی 1395ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە، دەروێش لەگەڵ ئەوەی ئەوەندەی نەخوێندووە، بەڵام لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرزو باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ پاراو و ناسك و شیرینن، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە ئەڵێ:

**یاران مەکانم، یاران مەکانم**
**وێڵ و سەرگەردان بێ جا و مەکانم**
**ئەز هەر گرفتار نەفس شەیطانم**
**پەوکە شەرمەندەو کۆتا زبانم**
**بێ مایەو چراو شۆڵەو شەمانم**
**سەردی یەخ بەنان فەصڵ زمسانم**
**بێ ساقی و بێ مەی بادە نۆشانم**
**خەیاڵ فاسد کەردەن تاڵانم**
**ئیمداد بکیانۆ شای لامەکانم**

گیرۆدەی ظوڵمەت بەند زیندانم
پاشا تۆ بدە مەفای کامانم
شاد بۆم وە مەنزڵ ئەزەڵ مەکانم
(وەلی) کەمتەرین کەلب ئاسانەم
یەخسیرو دوڕساخ ئی بەندو یانەم

واتە:
ئەی یاران من بێ جێ و بێ شوێنم
من وێڵ و ئاوارەو بێ جێ و بێ شوێنم
من هەر گیرۆدەی نەوسی ئەهریمەنیم
بۆیە شەرمەزارو کورت زمانم
بێ مایەو بێ چراو بێ شەمم
ساردی سەهۆڵ بەندانی وەرزی زستان زۆری بۆم هێناوە
بێ مەیگێڕو بێ مەی و بادەم
بیری خراپ تالاَنمی کردووە
ئەی خوای بێ جێ و شوێن یارمەتیم بدە
چونکە گیرۆدەی تاریکی بەندی زیندانم
ئەی خوا جێگام خۆش کە و بمخە ناو شایی
تا شادبم بەجێی رۆژی بەرینم
(وەلی) من کەمترین سەگی دەرگای یارم
ئێسیرو دیلی ئەم بەندو ماڵەم

*   *   *

## سەی بورهانی کاکەیی

(1331- 1396ی کۆچی)

سەی بورهان کوڕی سەی رەشیدی کاکەیی لە ساڵی 1331ی کۆچیدا لە دێی عەلی سەرای سەر بە داقووق لە دایك بووەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو ئەوسا لەلای حەمە ئاغای خووبیلە فێری رێزمانی عەرەبی و وێژەی فارسی بووەو لە پاشا گەلێ مەڵبەندی کوردستان گەڕاوەو لەهەر کوێدا مەلاییێکی بینیوە لەلای ماوەتەوەو وانەی خوێندووەو پاشان خەریکی کشتوکاڵ و ماڵاتداری بووە تا لە ساڵی 1396ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

سەی بورهان لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ ناسك و شیرین و رەوانن. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە ئەڵێ:

**ئیدارەی یانە گران بی وەنەم**
**ئومێدم تۆنی پادشای مەحرەم**
**تینی و تامەزرۆ تەمام رووت مەنم**
**نە چلەی زستان وێم خەریك مەنم**
**خەستەی دڵ نەوەش نیەن هام یارم**
**خاڵق بەڕوبار بدەر دەس بارم**
**جە تۆ زیاتر نیەن هیچ کەسم**
**بیاو وە دادم بەندە بێ کەسم**
**شەو و رۆژ خەریك دڵەی ئەفگارم**

جەی بێ کەسی وێم خەیلێ بێزارم

واتە:

هەڵچەرخاندنیماڵم پێ گران بوو
ئومێدم هەر تۆی ئەی پادشای نادیار
تامەزرۆم خۆشی بوو کەچی رووت و قووت مامەوە
لە چلەی زستاندا بەخۆم خەریك بووم
ماندوو، و دڵ نەخۆش یارو هاودەمم نیی
ئەی داهێنەری زەوی و ئاسمان بەزەییت پیاما بێ
لە تۆ زیاتر هیچ کەسم نییە
بگەیێ بەدادم چونکە من بێ کەسم
شەو و رۆژ خەریك پەژارەی دڵی خۆمم
لە ئەم بێ کەسی خۆمە گەلێ بێزارم

* * *

## سەی وەهابی کاکەیی

**(1348- 1406ی کۆچی)**

سەی وەهاب کوڕی سەی فەتاحی کاکەیی لە ساڵی 1348ی کۆچیدا لە دێـی ئەبو موحەممەدی سەر بە داقـووق لـە دایـك بـووەو هـەر لـە منداڵییـەوە خـەریکی خوێنـدن بـووەو پاشـان ڕێزمـانی عـەرەبی و وێـژەی فارسـی خوێنـدووەو ئەوسـا خەریکی کارو مزیـاری بـووە تـا لـە سـاڵی 1406ی کۆچـیدا لـە کـەرکووك کۆچـی دوایی کردووەو هەر لەوێدا نێژراوە.

سەی وەهاب لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا دەستێکی باڵای هەبووەو هۆنراوەکانی گەلێ شیرین و پاراون و دیوانەکەی کە نزیکەی دوو هەزار هۆنراوێك ئەبێ هێشتا لە چاپ نەدراوە، ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە ئەڵێ:

**مژدە بێ نەورۆز دیسان هاتەوە**
**جەژنە پیرۆزەی کوردان هاتەوە**
**مژدە بێ یاران خەڵکی کوردستان**
**نەورۆز بە شادی دیسان بوو مێوان**
**لەسەر لووتکەکان لە شارو دێهات**
**ئاگر بڵند بوو گەشەی سەند وڵات**
**ئەم جەژنە جەژنی گشت خەڵکی کوردە**
**ئەم جەژنە جەژنی درشت و وردە**

ئەم جەژنە یاران جەژنی کاوەیە
کە دەهاکی کوشت لەو کەلاوەیە

*　　*　　*

## مێژوونووسانی کەرکووک

لە کەرکووکدا هەندێ مێژوونووس هەڵکەوتوونە کە گەلێ راژەیان کردووەتە کوردو کوردستان و گەلێ پەرتووکی مێژوویی بایەداریان بۆ نەتەوەکەیان نووسیوەو لایەنی هەرە گرنگی ئەم نووسراوانە ئەوەیە کە بە هەستێکی نیشتمانپەروەرانە ئەم کارەیان کردووە، بەڵام ئەم هەستە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەوان لە خۆیانەوە بەبێ بەڵگە مەبەستێکیان تۆمار کردبێت نە وا نییەو هەمووی رووداوەکانیان لە رووی بەڵگەکانی مێژوویەوە نووسیوەو گەلێکیش بەبایەخن و جا هەم لەبارەی مێژووی کۆنی کوردەوە دواون و هەم لەبارەی مێژووی نوێی کوردەوە باسیان کردووەو ئەو مێژوونووسانە بریتین لە: مامۆستا رەفیق حیلمی و مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانی کە ئەوا لەم بەشەدا لەسەر ژیان و نووسراوەکانی ئەو دوو مێژوونووسە ئەکۆڵینەوە:

### رەفیق حیلمی

### (1318- 1380ی کۆچی)

رەفیق حیلمی کوڕی ساڵح ئەفەندی لە ساڵی 1318ی کۆچی لە شاری کەرکووکدا چاوی ژیانی هەڵێناوەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا چووەتە بەغداو خەریکی خوێندنی رێزمانی عەرەبی و وێژەو ماتماتیك و ئەندازە بووە، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندنی بالاتر چووەتە ئەستەموول و لە کۆلیجی ئەندازەدا خەریکی خوێندن بووەو لە پاشا بڕوانامەی دەرچوونی

وەرگرتـووەو بووەتـە مامۆسـتای ماتماتیـك و زانـاییّکی زمـانزان و میّـژوونووس و ئەوسا خەریکی لیّکۆلّینەوەو خویّندنەوەی پەرتووکـەکانی جـۆر بـەجۆر بـووەو لـە پاشا بووەتە رۆژنامەنووس و بەشداری لە دەرچـوونی رۆژنامـەی رۆژی کوردسـتان کردووەو چڤاتیّکیشی بەناوی جڤاتی هیـوای کـورد پیّـك هیّنـاوەو ماوەیـەکیش لـە بەغـدادا بـووە لیّکۆلّـەرو بـەم جـۆرە لـە مەیـدانی ژیـانی کۆمەلاّیـەتی و رامیـاری و رۆشنبیریدا هەنگاوی هەلگرتووە هـەتا لـە سـالّی $1380$ی کۆچـیدا کۆچـی دوایـی کردووە.

رەفیق حیلمی یەکیّ لە رۆژنامەنووسانی لیّهاتوو، میّژوونووسان و ویّـژەوانانی هەرە بەرزی کورد، لە دەیان وتار کە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا سەبارەت بە میّـژووی کوردو ویّژەی کوردی بەچاپی گەیاندووە چەند پەرتووکیّکیشی بـەناوی: یادداشـت و شـیعرو ئـەدەبیاتی کـوردی چـاپ و بـلاّو کردووەتـەوە کـە لـە بـارەی (میّـژوو و ویّـژە)دا زۆر گـرنگن، ئـەو جاروبـار هۆنراویـشی ئەهۆنییـەوەو ئەمـەش پارچـە هەلّبەستیّکی ئەو کە ئەلّیّ:

**هیممەتی ئەربابی عیرفان بیّستوون ئیحیا ئەکا**
**ئەو کەسەی دلّسۆزی میللەت بیّ وەطـەن ئاوا ئەکا**
**نووری عیلم و مەعریفەت وا شەرق و غەربی گرتووە**
**قەومی ئیّمە تازە تەعلیمی خەط و ئیملا ئەکا**
**بەسیە فیکری بیّ ثەمەر ئەمڕۆکە عەصری غیرەتە**
**خاکی کوردستان لە ئیّمە هیممەتیّ داوا ئەکا**
**ئیّستە بیّ عیلم و هونەر، ژینی بەشەر مومکن نییە**
**چون لە فەننی عەصری حاضر کوردی ئیستثنا ئەکا**
**ئەورووپا کەشفی زبانی چۆلەکەو مەیموونی کرد**
**تازە کوردستانی ئیّمە باسی ئەلف و با ئەکا**

*   *   *

## شەهید مەلا جەمیل رۆژبەیانی

## ( 1331- 1422ی کۆچی )

مـەلا موحەممـەد جـەمیلی رۆژبـەیانی لـە سـاڵی 1331ی کۆچـیدا لـە دێـی (فورقان)ی سەر بە کەرکوك لە دایك بووەو هەر لە منداڵییـەوە خـەریکی خوێنـدن بووەو لـە پاشـا چـووەتە کـەرکووك و لـەلای زانایـانی ئاینیـدا ڕێزمـانی عـەرەبی و شـەریعەتی ئیـسلام و لێکدانـەوەی قورئـانی خوێنـدووەو سـەرئەنجام لـەلای مـەلا رەزای واعیز ئیفتای وەرگرتووەو پاشان بـەهۆی تێکۆشـانی رامیارییـەوە ماوەیێـك گـیراوەو لــە پــاش ئــازادبوونی پــەنای بردووەتــە ئێــران و چــەند ســاڵێك لەوێــدا ماوەتـەوەو ئەوسـا گەڕاوەتـەوە بەغـداو خـەریکی تێکۆشـان بـووەو لـەو مـاوەدا شەرەفنامەی میر شەرەفخانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و گەلێ پـەراوێزی بەکـەڵکی بـۆ نووسـیوەو لـە چـاپی داوەو لـە پاشـا مێـژووی شـاری سـلێمانی و فـەرمانڕەوایانی ئـەمین زەکـی بـەگی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبی و چـاپی کردووەو گەلێ نووسراوی مێژوویی تـری نووسـیوە وەکـو: دەوڵـەتی بـەنی عـەیار، مەندەلی لە مێژوودا، داقووق لە مێژوودا، دینەوەرو پیاوە بەناوبانگەکانی، حـەلوان لە مێژەوە تا وێرانی، مێژووی موکریان، هەروەها گەلێ مەبەسـتی تـری سـەبارەت بەمێژوو نووسیوەو ئێستاش هەر لە نووسین و تێکۆشاندایە.

مامۆستا رۆژبـەیانی یـەکێ لـە مێژوونووسـان و زانایـانی هـەرە بـەرزی کـوردەو تـا ئێستا چەندین پەرتووك و نامیلکەی سەبارەت بە مێژووی کوردو کوردستان و ئاین وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و چەندین پەرتووکی تری سەبارەت بـە مێـژووی کوردستان بە زمانی کوردی نووسیوەو دەیان وتاری جۆربەجۆری لـە گۆڤارەکانـدا بڵاوکردووەتـەوە کـە گـەلێك گـرنگ و بایيـدارن، موخـابن لـە رۆژی 2001/3/25

زاینی، له ماڵەکەی خۆیدا بەدەستی دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی بەعسی فاشیست شەهید کرا.

خوالێخۆشبوو مەلا جەمیل رۆژبەیانی یەکێ لە هاوەڵانی من بوو، ئێمە لە تاراندا هەموو دەم بەیەکەوە بووین ئەو جگە لەو بەرهەمانە گەلێ وتاریشی نووسیوە کە هەندێکی خۆی داویەتە من و ئەوا وتارێکی ئەوتان بەناوی جاوان پێشکەش ئەکەم:

## بەناوی خودای بەخشندەو میهربان

لە سەرچاوە مێژوویەکانی سەرەتای موسڵمانەتییا، تا نیوەی سەدەی حەوتەمی کۆچی ناوی عێلی جاوان و ناوی سەرداران و زانایان و ئەدیبان و هەستیاران و پیاوماقوولانی بەرچاو ئەکەوێ، هەروا زانیاری و ئاگاداری پچڕ پچڕیش دەربارەی مەڵبەندو هەواری عێلەکە ئەبینرێ، بەڵام لەوە بەدوا شتێکی وەها دەس ناکەوێ کە مرۆڤ بەهۆیەوە بزانێ سەرگوزەشتی ئەو عێلە چ بووەو چی بەسەر هاتووە؟

با بێینە سەر ئەوەی ناوی ئەم عێلە لە سەرەتادا چ بووە؟ وە چ گۆڕانێکی بەسەرا هاتووە؟ ئێمە لە سەرەتادا لامان وابوو کە ناوی (جاوان) لە بنەڕەتا (گاوان) بووە، وە مێژوونووسانی عەرەبی نووس گافەکەیان گۆڕیوە، بە جیم، و بووە بە (جاوان) و لە فارسیشا کە بە گاوان ئەڵێن (گاپان) وشەکەیان کردووە بە (جابان) و تا ئێستەش وەك عەرەبی ئەیدرکێنن.

هەر لەبەر ئەمە بیرو باوەڕمان وەهابوو کە دێیەکانی (گاوانی)ی هەرێمی (بازیان)ی سەر بە ئوستانی سلێمانی و (گەونی) هەرێمی (صاڵەیی) سەر بە ئوستانی کەرکووك و دێ و ئاوایەکانی تر، کە ئەم ناوەیان هەیە، هەموویان زیندوو هێڵەرەوەی ناوی عێلی جاوانی کۆن بن و لە بەرا عێلی جاوانیان تیا بووبێ.

ئەمە تا ساڵی 1956ی زاین 1375ی کۆچی کە دوکتۆر مستەفا جەواد[1] لە کۆڕی زانستی عێراق (المجمع العلمي العراقي)دا دەربارەی عێلی جاوان دوواو لەبارەی رابوردووی عێلەکەوە وتارێکی دوورودرێژی بە زبانی عەرەبی خوێندەوە کە زۆر ئەرکی بە پەیداکردنی زانیارییەکانییەوە دیبوو، و گەلێ راستەقینەی تیا دەرخستبوو کە بیرو باوەڕی ئێمە لەبارەی جاوانەوە پتر ڕۆشن ئەکردەوە.

پاشان کە ئەو وتارە لە گۆڤاری کۆڕی زانستی عێراقدا چاپ کراو بڵاوکرایەوەو بە وردی خوێندمەوە، بیرو باوەڕێکی تازەی بۆ دەرخستم، جا چووم لەگەڵ خۆی لەوبارەوە دووام و سەرئەنجام بڕیارم دا کە وتارەکەی وەربگێڕمە زمانی کوردی.

دوکتۆر جەواد وای دەرخستووە کە عێلی جاوان لە بیر بردراوەتەوە، بەم پێیە ناوی وتارەکەی خۆی ناوە (عێلی لە یادبراوی جاوانی و ناودارەکانی) بەڵگەشی لەسەر باوەڕەکەی ئەوە بوو، کە مێژوونووسانی کورد کۆن و تازەیان وەك ئەمیر شەرەفخانی بەدلیسی[2] و محمد ئەمین زەکی بەگ[3] و نووسەرانی تری کوردو فارس و خۆرهەڵاتناس ناوی ئەم عێلەیان نەبردووە.

بەڵام من بۆم روون کردەوە کە لە دەوروبەری چیای شاهۆ و کەناری رووباری سیروان، عێلێ هەیە ناوی (جوان رۆ)یە ئەبێ ئەمانە لە بنەڕەتا (جاوان) بووبن و

---

[1] دکتۆر مستەفا جەواد زانایەکی گەورە بوو، مامۆستای زانست و نووسەرێکی بەبڕشت و دانەرێکی بەبەهرە بوو و لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا دەستێکی باڵای هەبوو، پەرتووکی زۆری داناوەو لەسەر گەلێ کتێب پەراوێزی نووسیوەو وتاری جاوانەکەشی لە بەشی یەکەمی بەرگی چوارەمی گۆڤارەکەی کۆڕا بڵاو کرایەوە.

[1] میر شەرەفخان کە لە ئێراندابوو فارسی و عەرەبی و تورکی زۆر چاك فێربووبوو، و کەوتبووە سەر هەوەسی مێژوو نووسین بۆ کوردو بۆ ئەو کارە کتێبی خوێندبووەوەو زۆر زانیاری کۆکردبووەوە کە وازی لەسەرداریەتی هێنا کەوتە نووسینی کتێبی شەرەفنامەو لە دوو بەرگدا هێنایە بەرهەم و ساڵی 1013ی کۆچی بەرانبەر 1604ی زاینی کۆچی دوایی کرد.

[2] موحەممەد ئەمین زەکی بەگ ساڵی 1397ی کۆچی بەرانبەر بە 1880ی زاینی لە سلێمانی لە دایك بووەو هەر لەوێ خوێندوویەتی و پاشان چووەتە قوتابخانەی عەسکەری و بووە بە سەرلەشکر و ئەوسا چەند جار بووە بە وەزیرو زۆر کتێبی دەربارەی کورد نووسیوە کە یەکێ لەوانە مێژووی کوردەو گەلێ گرنگە.

لەسەر کناری رووبارەکە نیشتەجیێ بوون، رووبارەکەو هەرێمەکە بەناوی ئەوانەوە ناوی (جاوان رۆ)ی گرتبێتە خۆی.

مستەفا جەواد لە قسەکان زۆر خۆشحالٚ بووەو بەلێنی دا کە جارێکی تر بە وردی لەم باسە بکۆلێتەوە، بەلام بەداخەوە مەرگ چنگی لە یەخەی قایم کردو ماوەی نەداو گیانی سپارد، خوا لێی خۆش بێ.

هەر لەو سالەدا بوو کە من وتارەکەم وەرگێڕایە زمانی کوردی و بە زنجیرە وتار لە رۆژنامەی (ژین)دا کە لەو کاتەدا لە سلێمانی دەرئەچوو بلاوم کردەوەو هیواشم ئەوەبوو کە نووسەرانی کورد لێی بکۆلنەوە.

سالی 1965 زاینی 1385ی کۆچی، 3673ی مادی 1343ی فارسی لە تاران بووم کابرایەکی (جاوان)م دی، بەهۆی دووان لەگەلٚ ئەو بۆم دەرکەوت تیرەیەکی کوردی سێ هەزار مالی کە جاوانی ناوە لە شارە دێی (جابان)ی سەر بە دیهستانی ئەبەرشیوی شارستانی دەماوەندی سەر بە ئوستانی ناوەندی واتا تاران و لە دێیەکانی تری دەوروبەری ئەوێدا دائەنیشن و شێوەی زمانیان کرمانجی ژووروەو بەمەدا بۆم دەرکەوت کە مەلبەندی بنەڕەتی عێلەکە هەر ئەم جێیە بووەو زمانیشیان لە بنەڕەتا هەر کرمانجی ژووروو بووەو لێرەدا هەندێ پەلیان لێ جیا بووەتەوە بۆ (جەوان رۆ) و بۆ خوارتر تا گەیشتووەتە دەوروبەری (بەغدا) و (حیللە)، جا پتر کەوتمەوە مەراقی لێکۆلینەوە لە بەسەرهاتی ئەم عێلەو خراپ نییە لە سەرەتادا ئەو باسانە شی بکەینەوە.

1- ناوی عێلەکە لە بەرا چ بووە؟ و چ جۆرە گۆڕانگەلێکی بەسەرا هاتووە؟

2- مەلبەندی بنەڕەتی عێلەکە کوێ بووە؟ و چۆن بەرەو خوار بوونەوە بۆ (جەوان ڕۆ)؟ و چۆن لەوێوە بەشێکیان بەرەو خوارتر بوونەوە، تا کوردستانیان، جێ هێشتووە؟ و گەیوونەتە فوراتی ناوەند؟ و پاشان چییان لێ هاتووە؟ ئایا بەناوێکی تازەوە گەڕاونەوە کوردستان؟ یا تەفروتوونا بوون؟

3- ئایا عێلی (جاف)ی ئێستەکە خۆیان لەگەلٚ عێلی (جوانڕۆ) لە یەك رەگەز ئەزانن هەر ئەو بەشەی جاوانن کە لەکاتی خۆیا بەرەو خوارەوە بوون بۆ دەوروبەری بەغداو فوراتی ناوەند؟ و لەگەلٚ عێلی (بەنی ئەسەد)دا پێکەوە شاری حیللەیان دامەزراندووە؟ و پاش سەدەها سالٚ گەڕانەوە بۆ کوردستان؟

و هـی ئەوەیـە ئـەم عێڵـی جافـە لـە (شـەرەفنامە)دا و لـەوە پێـشتریش نـاوی نەبراوە؟

بەلای منەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بەم جۆرەیە:

أ- ناوی عێلەکە لە سەرەتادا (جاڤان) بـووە، بـەپیتی (ڤ) کـە تایبـەتی کرمـانجی ژووروەو لە کرمانجی خوارووی (ڤی)یەکە وەرگەڕاوە بە (واو) و بووە بەجاوان و لە فارسیشدا ڤێکە بووە بە بێ و ئەمەش لە کوردیدا وێنەی زۆرە، یەکێ لەوانـە (ئاڤ)ی کرمانجی ژووروو کە لە کرمانجی خوارووی (ئاو)ەو لە فارسیشدا (آب)ە.

ب- مەڵبەندی بنەڕەتی ئەم عێله وڵاتی چیا (بلاد الجبل) بـووە، مەسـعوودی لە (مـروج الـذهب)دا ئـەڵێ: ئـەو عێلاتـە کوردانـەش کـە لـە وڵاتـی چـیادا بـوون لـە (شـازەنجان) و (لـور) و (باردلکـان) و بازنجـان و پـاریـسیان و خالیـەو جبانارقیـەو جاوانیــە بــوون و لــە بنــەڕەتا عــەرەب بــوون، بــەلام مەســعوودی ئــەوەی روون نەکردووەتەوە کە لە کام بەشی چیادا بوون و دوورنییە کـە هـەر کـام لـە جێگـەی ئێستەیانە، واتە لە دەماوەندا بووبن.

جارێ با دیاردی بۆ جێگەی ئێستایان بکەین:

1- تیمسار رەزم ئـارا ئـەڵێ: جابـان گـەورە دێیکـە سـەر بـەدێهاتی ئەبەرشـیوی ناوچـەی دەماوەنـد کـە پەیوەنـدی بـە تارانــەوە هەیـە ئەکەوێتـە نزیـك تـاران و مازەندەرانەوەو هەموویان بە کرمانجی قسە ئەکەن.

2- جاوان یەکێ لە دێکانی مارینی بەشی سەدەی ئەصفەهانە.

3- جابان جێگەیێکە شاه ئیسماعیلی صەفەوی شەڕی تیا کردووە لەگەڵ فـەروخ یەساری والی شیروان و بەسەریا زاڵ بووە، با لێرەدا باسی ئەوەش بکەین کـە مـیر شەرەفخان باسی ئەوە ئەکات کە لە گیلان و تـالش و شـیروان و ئـەو ناوانـە کـورد زۆرن، بـەلام نـاوی عێـل و تیرەکـانی نـەبردووە، جـا بـەناوی ئـەم دێیانـەدا بۆمـان دەرئەکەوێ کە هەندێ لە عێلی (جاوان) لەلای بەشی چیاوە بەرەو خـوار بوونـەوە بۆ بەشی خوارووی چیا، واتا بۆ (جوانرۆ) و پاشان لەوێوە یەکێکیان کشاوە بەرەو خوارتر.

با بێینە سەر باسـی ئـەوەی بـۆچ هەنـدێ لـە جاوانییـەکانی (جـوانرۆ) بـەرەو خـوارتر کـشاون؟ و کـەی و بـێ گومـان هـۆی بـەرەو خواربوونـەوەیان سیاسـی و

ئابوورییەو دوور نییە لە دەوروبەری دامەزرانی دەوڵەتی روادی کورددا لە ئازەربایجان لە ساڵی 330ی کۆچی لەبەر شەڕو هەرا یاخۆ لەبەر نەهامەتی و قڕوقاتی بەشی زۆریان هەرێمی خۆیان، جێ هێشتبێ و یەکەم مەڵبەندیان دەوروبەری چیای شاهۆ و کناری رووباری سیروان بووبێ کە لەوە بەدوا رووبارەکەو هەرێمەکە ناوی ئەوانی وەرگرتبێتە خۆی و بووبێ، (جاوان رۆ) یا جوانرۆ و لەوێ ماوەیێ دوورو درێژ لەگەڵ (شازەنجانی)یە عەیارییەکانی حەلەوان یا حەلواندا هاوسێ بووبن و لە ساڵی 330ی کۆچیدا دواوە سەریان بۆ فەرمانرەوایی بنەماڵەی حەسەن وەیهی شۆڕکردبێ و لەگەڵ پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئەوانا پەرەیان دابێ بە مەڵبەندی خۆیان تا دەشتی خانەقین و پاشان کە لە دەورانی بەدری کوڕی حەسەن وەیهیدا لە 329– 405ی کۆچی، ئەوان و عەیارییەکان دژی بنەماڵەی حەسەن وەیهی وەستابن، بەدر شالاوی کردبێتە سەریان و جێی پێ لەق کردبن، عەیارییەکان هەرێمەکانی (داقوق، خانەقین، شارەبان، مەندەلی)یان کردبێتە مەڵبەندو جاوانەکانیش بەرەو خوار بووبنەوە بۆ (نەهرەوان، بەلەدرووز، تیسفونگ) و ئینجا (گەرگەرایا) واتا کوت و جامیعەین، واتە هەرێمی حیللەشیان خستبێتە سەر وە لەگەڵ عێلی بەنی ئەسەدی عەرەبدا بووبن بە هاوسێ و هاوسۆێن و پێکەوە شاری حییلەیان لە ساڵی 495ی کۆچیدا دروست کردبێ جا هۆی سیاسییەکە دەبێ بەم جۆرە بووبێ و دووریش نییە کە هۆی ئابووری واتا نەهاتی و قاتوقڕی ئەوانی سەر بەرەو خوار کردبێتەوە، ئینجا با لەوە وردبینەوە کە عێلی (جاف)ی ئێستەکە لەگەڵ جوانرۆکانا خۆیان بەیەك تیرەو رەگەز ئەزانن، وە مێژوونووسانی عەرەبیش وا ئەدەنە قەڵەم کە لە تیرەکانی بەنی ئەسەدن چ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ جاوان هەیە؟

ئەمەش بیرکردنەوەیەکی زۆری ئەوێ، بەپێی بیروباوەڕی ئێمە جاوانەکان کە بەرەو خوارەوە بوون بۆ فوراتی ناوەندو لەگەڵ بەنی ئەسەدا ماوەی سێسەد ساڵ هاوسێ بوون، خۆیان بەناوی جافان ناساندووەو عەرەب کە پیتی ڤێیان نەبووە ئەو پیتەیان گۆڕیوە بە فێ و پێیان وتوون جافان، بەڵام مێژوونووسان و هەستیاران کە پەیوەندییان لەگەڵ باسەوادو خوێندەوارەکانی جاوان هەبووە ئەوانیش زانیویانە ڤێی جاڤان بەتەواویش هەر ئەدرکێنرێ و لەبەرئەوە لە

یادداشـت و هەڵبەسـتەکانیان بـە (جـاوان) یـان نـاوبردوون نـەك بـەجاڤان، بـەڵام تێکڕای عەرەبی نەخوێندەواری بەنی ئەسـەدو عێلاتـی تـری هاوسـێیان، جاڤانیـان گۆڕیوە بە جافان و کە ئەوەشیان زانیوە جافان لە عەرەبیدا وشەیەکی دووەکییـە واتە تەێنەڕو ناوە بۆ دوو عێل و ئەوان یەك عێلن. ناوەکەیان گۆڕیوە، بـەتاك واتـە موفرەد بووە بە جاف کە نزیکەی سێسەد ساڵێ هەر بەم جۆرە درکاندوویانـەو لـە وشەی جاڤانیش سووکتر بـووە، جاوانـەکانیش پێـی ئاشـنا بـوون وەریـانگرتووەو بەکاریان هێناوە.

هەر کە مەغووڵ و تاتارەکان شاڵاویان کردۆتە سەر وڵات کەوتوونەتە تـاڵان و بـڕۆ و هــەرێم و پێدەشـتەکان پـتر بەتــەنگ هـاتووە لەبەشـی چـیاو جاوانـەکان کەوتوونەتە بەری چیاکانی کوردسـتان و پـەنا سـەختەکانی و بـەم جـۆرە حیللـەو دەوروبەریان بەجێ هێشتووەو هاتوونەتە نـاو قەومـەکانی خۆیـان لـە جـوانڕۆو لـە دەوروبەری چیای شاهۆ و دەوروبەری سنەیان خستووەتە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان جـا لـەم مـاوەدا گـەر چـی زمـانی کوردییـان لـەبیر نەچـووەتەوە، بـەڵام شـێوەی کرمانجی باکوورییان گۆڕیوە بۆ کرمانجی خواروو ناویشیان نـاوە جاڤـان و پاشـان بووە بە جاف و گەلێ خوو و خدەی بەنی ئەسەدیشیان وەرگرتووە، بەڵام هەر بـە کوردی ماونەتەوە.

## وێنەکێشەکانی کەرکووك

هونـەری وێنەکێـشان و پەیکەرتاشـی لـە شـاری کەرکووکـدا ئەگەڕێتـەوە بـۆ دەوری زۆر کـۆن و ئـەو نـەخش و نیگارانـەی کـە لـە قـەڵای کـەرکووك و دووزدا دۆزراوەتەوە ئەوەمان پێ پیشان ئەدا کە ئەم هونەرە چوار هەزار ساڵ لەمەوپێش لـەناو کەرکووکییەکانـدا بـاو بـووەو ئێـستاش گـەلێ وێنـەکێش و پەیکـەرتاش لـە کەرکووکدا هەن کە رەسەنایەتی خۆیان پاراستووەو گـەلێ وێنـەیان سـەبارەت بـە کوردو ژیانی کوردەواری کێشاوەو لە مۆزەخانەکاندا پاراستوویانەو لە کوردسـتاندا هەر لە مێژەوە لەسەر دیـواری ئەشـکەوتەکانا وێنـەیان ئەکێـشا وەکـوو لـە غـاری کەرەفتوودا گـەلێ وێنـەی ئاسـك و پـەزەکێوییان لەسـەر دیوارەکانـا کێـشاوە کـە

ئەگەڕێتەوە بۆ دەوری بەردینی کۆن، هەروەها مانی (215– 276ی زاین) کە لـە شاری ماردیندا لە دایك بووەو یەکێ لە پێغەمبەرەکانی کوردە وێنەکێشیش بـووە چـونکە یـەکێ لـە پەرتووکـەکانی کـە نـاوی نـاوە ئـەرژەنگ پـڕ لـە وێنـە بـووەو مەبەستی ئەوە بووە کە نەخوێندەواران بە وێنە تێبگەیەنێ و بیانخاتـە سـەر ڕێـی خوایی و هەر بەم بۆنەوە بەویان ئـەوت مـانی وێنـەگرو ئـەوا لێـرەدا سـەبارەت بـە چۆنیەتی ژیان و شوێنەواری چەند وێنەکێشێك ئـەدوێین کـە هیـوادارین بـۆ هـەموو لایێکتان بەکەڵك بێ:

## بەدیع باباجان

## (1343- 1417ی کۆچی)



بـەدیع کـوڕی بابـەجان لـە سـاڵی 1343ی کۆچیدا لە شـاری کەرکووکـدا پێـی ناوەتـە مەیـدانی ژیانەوەو هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووەو دەوری سـەرەتایی و ناوەنـدی هـەر لـە کەرکووکـدا تەواو کردووەو لە ساڵی 1951دا ئەکادیمی لە بەغدا تەواو کردووەو ئەوسا لە کاری میریدا دامەزراوەو لـە پاشـا خـەریکی وێنەکێشی بـووە کـە گـەلێ وێنـەی جـوان جـوانی کێـشاوەو بـە یادگـار ماوتـەوەو سەرئەنجام لە ساڵی 1417ی کۆچیدا کۆچی دوایـی کردووەو لە گۆڕستانی موسەڵلادا نێژراوە.

بەدیع باباجان یەکێك بوو لە هونەرمەنـدانی وێنەکێشی هـەرە بـەرزی کـوردو ئەو پتر لـە پـانزە تـابلۆی لـەبارەی هۆنـەران و دیمەنـە جوانـەکانی کوردسـتانەوە کێشاوەو گەلێ بەرهەمی تری لە شوێن بـەجێ مـاوە کـە گـەلێ کـەس هونەرەکـەیان خۆشویـستووەو تابلۆکانی بەڕاستی گەلێ باییدار و بێ وێنەن.



وێنەی زۆربەی شاعیرو نووسەران و ناودارانی کوردی نەخشاندووە.

*    *    *

وێنەی میر شەرەفخانی بتلیسی
بەقەڵەمی بەدیع باباجان

## د. عەبدوڵلا ئەمین

(1343- 1418ی کۆچی)

د. عەبدوڵلا کوڕی ئەمین لە ساڵی 1343ی کۆچیدا لـە چەمـچەماڵ لـە دایـك بووەو دەوری سەرەتایی و ناوەندی هەر لەوێدا تەواو کـردووە، لـە پاشـا چـووەتە بەغداو کۆلێژی هونەری لەوێدا تـەواو کـردووەو دوکتـۆرای وەرگرتـووەو ئەوسـا لـە کاری میریدا دامەزراوەو خەریکی وێنەکێشی بووەو لـە سـاڵی 1954دا پەیوەنـدی بە کۆمەڵی هونەری کەرکووکەوە گرتـووەو هـەروەها لەگـەڵ موحەممـەد مەهـدی و صدیق ئەحمەد عاشووردا بەشداری لە چوارەم پێـشانگای گرووپـی هونەرمەنـدانی کەرکووکەوە کردووە تاکوو سـاڵی 1960 لەگـەڵیان بـەردەوام بـووەو پێـشانگەی تایبەتی هاوبەشییان لەگـەڵ کردووەتـەوە تـا لـە سـاڵی 1418ی کۆچـیدا کۆچـی دوایی کردووە.

د. عەبدوڵلا یەکێك بوو لە هونەرمەندانی هەرە بەرزی کوردو ئەو پتر لە بیست تابلۆی کێشاوەو تابلۆکانی لەبارەی ژیانی کوردو دیمەنـەکانی کوردسـتانەوەیە کـە گەلێ بایەخدارن و هەر کامی بەشاکارێك ئەژمێردرێ.

*    *    *

## موحەممەد مەهدی

**( 1367- 1416ی کۆچی )**



تابلۆیەکی هونەرمەند محەمەد مەهدی

موحەممەد کوڕی مەهدی لە ساڵی 1367ی کۆچیدا لە شاری کەرکوك لە دایك بووەو دەوری سەرەتایی و ناوەندی هەر لەوێدا تەواو کردووەو پاشان کۆلێژی هونەری تەواو کردووەو ئەوسا لە کاری میریدا دامەزراوەو لە ساڵی 1954 پەیوەندی بە کۆمەڵی هونەرمەندانی کەرکوك وەرگرتووەو لە هەمان ساڵدا تاکو ساڵی 1960دا بەشداری لە چوارەم پێشانگەی ئەم گرووپە کردووەو پاشان تابلۆییێکی کندی کە یەکێ لە پیتۆڵانی هەرە بەرزە کێشاوەو خەڵاتی یەکەمی دەوڵەتی وەرگرتووەو ئەو چەندین تابلۆی لە شوێن بەجێ ماوەو سەرئەنجام لە ساڵی 1416ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

موحەممەد مەهدی یەکێ لە هونەرمەندان و وێنەکێشانی هەرە بەرزی کەرکووکەو تابلۆکانی هەر کام شاکارێکن کە بە یادگار ماونەتەوەو لە ئەوپەڕی جوانییەوەن.

*    *    *

# فەرهەنگۆك

( أ )

ئاخێز: راپەڕین

ئارایش: رازانەوە

ئارۆ: ئەمڕۆ

ئاسانە: بەر دەرگا

ئاڵوودە: گیرۆدە

ئاما: هات

ئاماج: ئامانج

ئامای: هاتن

ئانە: ئەوە

ئاوێزان: هەڵواسراو

ئامر: ئاگر

ئاینە: ئاوێنە

ئەر: ئەگەر

ئەرگ: کار

ئەز: من

ئەسر: فرمێسك

ئەندۆ: پەژارە

ئێد: ئەمە

ئینە: ئەمە

( ب )

با: لەگەڵ

بابۆ: باوك

بار: بەر

بالاّ: لای سەروو

باڵین: ژوور سەر

باوەر: بهێنە

باهوو: قۆڵ

بلۆ: بڕوا

بۆ: بۆن

بوانه: بخوێنه

بەرمەشۆ: دەرئەچێ

بێژ: زۆڵ

بێش: زۆر

بێشه: دارستان

بێوەر: بێ بەش

( پ )

پا: پێ

پاڵە: کرێکار

پای: داوێنی

پۆسه: وەها

پۆسەن: وایه

پەرێ: بۆ

پەوکە: بۆیه

پەی: بۆ

پەیك: نامەبەر

پەیکار: شەڕو هەرا

پیا: پیاده

پێڵ: پرد

( ت )

تابشت: توانا

تار: تاریك

تۆ: ناو

تۆی: لەناو

تەلاش: کۆشش

تەن: لەش

تێش: تیایا

( ج )

جاگە: جێگه

جامه: کراس

جه: له

جەم: کۆمەڵ

جەو: لەو

جێش: لێی

( چ )

چا: چاڵ

چاك: لەتوپەت

چۆ: دار

چۆپان: شوان

چەرمه: سپی

چەم: چاو

چەمەڕا: چاوەڕوان

چەنی: لەگەڵ

**( خ )**

خامۆش: بێدەنگی

خاس: چاك

خاسی: چاكە

خاو: خەو

خدێ: خوو

خوار: داماو

خەم: چەماو

خەیلێ: زۆر

خێزا: هەستا

**( د )**

دارایی: سامان

دارۆ: هەیەتی

دلێر: نەبەز

دوشمن: دوژمن

دوما: پاش

دەركە: دەرگا

دەس: دەست

دەو: غار

دەوار: رەشماڵ

دێر: درەنگ

دێوانە: شێت

**( ر )**

را: رێ

راز: نهێنی

راستگۆ: راستبێژ

راگە: رێگا

رۆ: رۆژ

رۆشن: رووناك

رەزم: شەڕ

رەوێڵ: كاروان

رێش: برین

**( ز )**

زار: زەبوون

زایەڵە: دەنگدانەوە

زمسان: زستان

زنج: چەناگە

زەڕ: زێڕ

زێد: جێی لەدایكبوون

زێڵ: دڵ

**( س )**

سپەرد: سپاردی

سپەردەی: سپاردن

ستانا: وەرگرت

سزاوار: شایان

سفتە: سووتاو

سەروەش: سەرخۆش

سیا: رەش

سیاتەر: رەشتر

سیاو: رەش

سێر: تێر

( **ش** )

شانا: وەشاندی

شکۆفا: پشکووت

شنۆ: شنەی با

شۆ: بچێ

شەم: مۆم

شی: چوو

( **ف** )

فراوان: زۆر

فرزەند: رۆڵە

فگار: زویر

فەرما: فەرمووی

فێشتەر: پتر

( **ك** )

کام: ئارەزوو

کاو: کێوی بەردین

کناچە: کچ

کۆ: کێو

کۆر: کوێر

کۆسار: کوێستان

کەردەی: کردن

کەرك: قەلاّ

کەمەر: چیا

کەیان: جیهان

کیانا: ناردی

( **گ** )

گا: کات

گرتەی: گرتن

گرد: هەموو

گورێزان: بەڕاکردن

گۆش: گوێ

گومڕا: گومڕێ

گۆنا: کوڵمە

گێلاّم: گەڕام

( **ل** )

لادێ: تاوێ

لوا: ڕۆیشت

لوای: ڕۆیشتن

لۆنگ: فۆتە

لەرزا: لەرزی

لێوە: شێت

(م)

ما: مانگ

ماساو: ماسی

ماما: ئەهات

مزگانی: مزگێنی

مزگت: مزگەوت

مەرد: پیاو

مێرد: پیاو

مێهر: خۆشەویستی

(ن)

ناری: نەهێنی

نالاً: نالآندی

نام: ناو

ناهوون: ناخوێن

نمانا: پیشانی دا

نمەز: نازانم

نەفت: نەوت

(و)

وا: با

وارما: فەرمووی

وارمای: فەرماندان

واناى: خوێندن

وەراز: وەرزێر

وەس: بەس

وەش: خۆش

وەشبۆ: بۆن خۆش

وەفر: بەفر

وەهار: بەهار

ویەردەی: تێپەڕین

وێنە: وەکوو

(ھ)

هامتا: هاوتا

هانا: هاوار

هۆرێزا: هەستا

هوون: خوێن

هووناو: خوێناو

هەمێ: هەمیشە

هەن: هەیە

هەنی: ئیتر

هێمان: هێشتا | یاوای: گەیشتن
یە: ئەمە
(ی) | یەن: ئەوەندە
یانە: ماڵ
یاوا: گەیشت

## سەرچاوەکان


1- مێژووی کوردو کوردستان بە پێنووسی ئەمین زەکی بەگ- بەغدا 1958.
2- مێژووی نەتەوەی کورد نووسینی ساڵح قەفتان- بەغدا 1969.
3- خولاسەی مەسەلەی کورد. وەرگێڕاوی رەفیق حیلمی- مووسڵ 1934.
4- کوردو مەسەلەی کورد وەرگێڕاوی ئەمین موتابچی- سلێمانی 1961.
5- کوردو کوردستان. نووسینی: ئەنوەر قەرەداغی سلێمانی 1971.
6- میللەتی کورد. نووسراوی کەریم زەند- سلێمانی 1970.
7- مێژووی کورد و کوردستان. نووسراوی مەردۆخ. وەرگێڕاوی موحەممەد فیدا- بەغدا 1958.
8- کوردستان و کورد. نووسینی عەبدولڕەحمان قاسملوو- بنکەی پێشەوا 1973.
9- جوگرافیای کوردستان. نووسراوی کەریم زەند- سلێمانی 1959.
10- خەبات لە رێی کوردستاندا. نووسرلوی جەلال تەقی. سلێمانی 1971.
11- غونچەی بەهارستان. نووسینی حوسێن حوزنی موکریانی- حەڵەب 1925.
12- کورد لە کەیەوە خەریکە. وەرگێڕاوی عەلی عیرفان- بەغدا 1927.
13- کوردستان و ئاینی ئیسلام. نووسینی رەئووف سەلیم- بەغدا 1970.
14- شۆڕشەکانی کوردی. نووسینی عەلائەدین سەجادی- بەغدا 1956.
15- تاریخی ولاَتی سلێمانی. نووسینی ئەمین زەکی بەگ- بەغدا 1939.

16– هەندێك داوەری بەناوبانگ لە مێژوودا. نووسینی: جەمال بابان– بەغدا 1981.

17– کوردستان و شۆڕشەکەی. نووسراوی د. جەمال نەبەز– بەرلین 1985.

18– نەتەوەی کورد تورکمان نین. نووسینی ساڵح قەفقان– سلێمانی 1959.

19– مەسەلەی کوردەکان. نووسینی مەحمود مەلا عیزەت. بەغدا 1947.

20– گەشتێك لە کوردستانا. نووسینی عەلائەدین سەجادی. بەغدا– 1956.

21– بزووتنەوەی کورد. نووسینی رەمزی قەزاز– سلێمانی 1971.

22– شاعیرو ناودارانی کاکەیی. نووسینی هەردەوێڵ کاکەیی. بەغدا 1990.

23– توحفەی سلێمانی. هۆنراوەی هیجری دەدە. بەغدا 1935.

24– دیوانی خەلیل منەوەر لەسەر ئەرکی مستەفا نەریمان. بەغدا 1984.

25– هۆزەکانی کورد. وەرگێڕاوی حوسەین جاف– بەغدا 1973.

26– تاریخ کردستان. تألیف آیة الله مردوخ– تهران 1324.

27– حدیقة ناصریة تألیف میرزا علی اکبر وقایع نگار بة اهتمام محمد رئوف توکلي– تهران 1366.

28– تحفة ناصري تألیف میرزا شکرالله سنندجي به اهتمام دکتر حشمت الله طبیبی– تهران 1366.

29– سیر الاکراد تألیف میرزا عبدالقادر باباني به اهتمام محمد رئوف توکلی– تهران 1366.

30– کردو کردستان تألیف واسیلي نیکیتین. ترجمه محمد قاضی– تهران 1366.

31– تاریخ ریشه نژادي کردنگارش: احسان نوری– تهران 1333.

32– کردستان تألیف علی اصغر شمیم– تهران 1370.

33– شرفنامة. تألیف امیر شرفخان بدلیسي به اهتمام محمد عباسي– تهران 1346.

34– کردو پیویتسگی نژادي و تاریخي او تألیف رشید یاسمی– تهران 1316.

35– دودمان آریائی. تألیف سرلشکر مظفر زنگنه– تهران 1347.

36– کردها، ترکها، عربها تألیف ادموندز ترجمة ابراهیم یونسی– تهران 1367.

37– ایران درزمان ساسانیان. تألیف کریستن سن ترجمة رشید یاسمي– تهران 1332.

38– ایران از اغاز اسلام. تألیف دکتر گیرشمن ترجمة دکتر محمد ومین– تهران 1326.

39– تاريخ گزيده. تألیف حمدالله مستوفي قزوینی به اهتمام دکتر عبدالحسین نوائی– تهران 1339.

40– تاريخ ماد تألیف دیاکونوف. ترجمة کریم کشاورز– تهران 1345.

41– فارسنامة. تألیف ابن البلخي– به اهتمام لسترنج– لندن 1921.

42– مشاهیر اهل حق. تألیف صدیق صفي زادة (بورەکەیی)– تهران 1360.

43– بزرگان یارسان. تألیف صدیق صفی زادة (بورەکەیی)– تهران 1361.

44– نام آوران یارسان تألیف صدیق صفي زادة (بورەکەیی)– تهران 1375.

45– سرانجام ترجمة وتفسیر صدیق صفي زادة. (بورەکەیی)– تهران 1376.

46– شهرەی ایران دروزگار پارتیان و ساسانیان. تألیف پیگولوسکایا. ترجمة عنایت الله رضا– تهران 1377.

47– تاريخ کردو کردستان. تألیف صدیق صفي زادة (بورەکەیی)– تهران 1378.

48– خلاصة تاريخ الكرد وكردستان. تألیف امين زکی– قاهیره 1939.

49– الاكراد منذ فجر التاريخ. تألیف رفيق حلمي. موصل 1934.

50– القضية الكردية. تألیف شيخ عمر غريب– بيروت 1992.

51– القضية الكردية. تألیف الدكتور بلج شيركوه– قاهرة 1930.

52– القضية الكردية. تألیف معروف جياوك– بغداد 1925.

53– المسألة الكردية. تألیف محمد كريم فتح الله– بغداد 1972.

54– الاكراد في القرن العشرين. تألیف محمد البريفكانى– بغداد 1950.

55– الحياة الاجتماعية في كردستان. تألیف هادى رشيد جاوشلى– بغداد 1970.

56– كردستان والحركة القومية الكردية. تألیف جلال طالباني– بيروت 1971.

57– الاكراد. تألیف مينورسكي ترجمة معروف خزنەدار– بغداد 1968.

58– الاكراد. تألیف شاكر خصباك– بغداد 1972.

59– القضية الكردية. تألیف محمود الدرة– بيروت 1966.

60– تاريخ الكرد القديم. تألیف د. جمال رشيد احمد– اربيل 1990.

61– اصول واسماء المدن والمواقع العراقية. تألیف جمال بابان– بغداد 1989.

62– معجم البلدان. تألیف ياقوت الحمودي– مصر 1906.

63- كتاب البلدان. تأليف ابن فقيه الهمداني- ليدن 1302هـ.
64- تاريخ الامم والملوك. تأليف طبري- ليدن 1885.
65- فتوح البلدان. تأليف بلاذري- قاهرة 1318هـ.
66- تجارب الامم. تأليف ابن مسكويه- بيروت 1931.
67- الكامل. تأليف ابن الاثير- مصر 1302هـ.
68- احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم. تأليف ابي عبدالله القدسي- ليدن 1876.
69- تقويم البلدان. تأليف ابي الفدا- قاهره 1965.
70- صورة الارض. تأليف ابن حوقل- ليدن 1939.
71- آثار البلاد. تأليف زكريا ابن محمد القزويني- بيروت 1971.
72- الاخبار الطوال. تأليف ابو حنيفة الدينوري- ليدن 1888.
73- مروج الذهب. تأليف المسعودي- مصر 1304هـ.
74- تاريخ الامم الاسلامية. تأليف محمد خضري- مصر 1961.
75- بلدان الخلافة الشرقية. تأليف لسترنج- مصر 1958.
76- التمدن الاسلامى تأليف جرجي زيدان- مصر 1961.
77- العشائر الكردية. تأليف عباس العزاوي- بغداد 1959.
78- المنتظم في تاريخ الملوك والامم. تأليف ابن الجوزي- حيدر آباد 1358هـ.
79- مراصد الاطلاع على اسماء الامكنة والبقاع. تأليف ابن عبدالحق البغدادي- قاهرة 1374هـ.
80- مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة- تأليف طه باقر- بغداد 1973.
81- تاريخ العراق القديم. تأليف د. طه باقر- بغداد 1980.
82- تاريخ الشرق القديم. تأليف د. جمال رشيد احمد- بغداد 1989.
83- الطريق الى المدائن. تأليف احمد عادل كمال- بيروت 1972.
84- العراق قديماً وحديثاً. تأليف السيد عبدالرزاق الحسني- بغداد 1990.
85- F. Haase. Altchristliche kirchengeschichte nachorietalietalischen Quellen Lepzig. 1925.